DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.307



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دۆزی کورد (١٩٧٥- ١٩٨٠) و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی (عێراق- سووریا )

**م. ی. ڕێبین سەعید مەلا**

بەشی مێژوو- کۆلیجی ئاداب- زانکۆی سۆران

rebin.haji@soran.edu.iq

**پ. د. سامان حوسێن ئەحمەد**

زانستە کۆمەڵایەتیەکان -کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی –

زانکۆی سلێمانی

Saman.abdullah@univsul.edu.iq

## پوختە

دۆزی کورد لە قۆناغەکانی مێژوویی هاوچەرخی کورددا، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە هەرێمییەکان بە گشتیی و پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا بە تایبەتیی درووستکردووە، بە دیاریکراوی لە ماوەی ڕێککەوتنی جەزائیر کاریگەرییەکانی زیاتر دەرکەوتووە، بۆیە دۆزی کوردی رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆر کردۆتەوە، لە سۆنگەی گرنگیی ئەمەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر دۆزی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و سووریا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٠)، ئەم ماوەیە بەهۆی پەیوەندییە خراپەکانی هەر دوو وڵات کاریگەریی زۆری لەسەر دۆزی کورد هەبووە، هاوکات پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە لەسەر ئەوە بونیادنراوە: ئایا دۆز و خەباتی سیاسیی کورد چ کاریگەرییەکی لەسەر عێراق و سووریا هەبووە؟ یان، ئایا پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی عێراق و سووریا چ کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد درووستکردووە؟ بۆیە گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم ئارگومێنتە خراوەتەڕوو بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک زانیاریی نوێی و شیکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان کراوە. ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی تیشکخستنە سەر هەڵوێستی سووریا و عێراق بەرامبەر بە دۆزی کورد و تێگەیشتن لە رەهەندە سیاسییەکانی هەر دوو وڵات بەرامبەر بەم پرسە خراوەتەڕوو، بۆیە پشتی بە چەندین میتۆدی جۆراوجۆر بەستووە، لە سەرووی هەموویانەوە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بە گێڕانەوە و خستنەڕووی رووداوە مێژووییەکان، پاشان بە گوێرەی پێویست و لە شوێنی مەبەستدار شیکار و ساغکردنەوە بۆ رووداوە مێژووییەکان کراوە، لەم توێژینەوەیە گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک، هەر یەک لە سووریا و عێراق هەمیشە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیان سەیری دۆزی کوردییان کردووە، هەروەها ئەنجامێکی تریش نەبوونی سیاسەتێکی گشتگیر و ئەو لێکترازان و پەرش و بڵاوییەی لەناو ماڵی کورد پەیدا بوو، زیانی بە دۆزی کورد گەیاندووە، کە رووبەڕووی دابەشبوون و لە یەکترداپڕانێکی قۆڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کورد نەیتوانیوە سوود لە خراپیی پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا وەربگرێت.

**کلیلە وشەکان: دۆزی کورد، پێوەندیی عێراق ق سووریا، ڕێکەوتنی جەزائیر، رۆژئاوا، حزبی بەعس،**

Recieved: 17/7/2023
Accepted: 27/8/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

دۆزی کورد لەگەڵ هەر رووداو و پێشهاتێک لە ناوچەکە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا درووست کردووە، بە تایبەت رێککەوتنامەی جەزائیر وەکو پرۆژەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دۆزی کورد بە گشتیی و پارچەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی هەبووە، هەرچەندە ئەم رێککەوتنە لەلایەک کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول هێناوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە دۆزی کوردی لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی پێگە و شوێنی خۆی زیاتر لە جیهان و ناوچەکە کردەوە، لە ماوەیی رێککەوتنامەی جەزائیر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا بە قۆناغێکی خراپ گوزەری کردووە، ئەمەش لە سەرێکەوە بۆ دۆزی کورد بە گرنگ دائەنرێت ، چونکە هەندێکجار توانیویەتی لەرووی دارایی و سەربازیی سوود لە ململانی نێوان عێراق و سووریا وەرگرێت، لە هەمان کاتیشدا سووریا و عێراقیش سوودێکی زۆرییان لە دۆزی کورد وەرگرتووە. لە سۆنگەی گرنگی ئەمەوە لەژێر ناونیشانی ‹‹دۆزی کورد (١٩٧٥- ١٩٨٠) و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی (عێراق- سووریا )››بە توێژینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیی پشتبەست بە میتۆدی شرۆڤە و شیکارییکردنی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان و بەراوردکردنی رووداوە مێژووییەکان ئەگرێتەخۆ ، سنووری توێژینەوە ماوەیی رێککەوتنامەی جەزائیر (١٩٧٥- ١٩٨٠) ئەگرێتەخۆ ، چونکە لەم ماوەیەدا پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا ئاستێکی خراپی وەرگرتووە، ئەکرا کوردیش سوود لە ململانێی و ناکۆکییەکانیان وەرگرێت، بەڵام جگە لە وەرگرتنی هاوکارییەکان نەیانتوانیوە وەکو پێویست سوود لە رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان ببینن، لەم نێوەندەدا چەندین پرس و مژاری جۆراوجۆر یەنە پێشەوە وەکو، ئایا دۆزی کورد چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا دروست کردووە ؟ یان، بۆچیی کورد نەیتوانیوە سوود لە ململانێی نێوان عێراق و سووریا وەرگرێت ؟ یان ئایا ئاستی پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا بەرامبەر بە دۆزی کورد چیی بووە ؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، هەوڵ ئەدرێت لەم توێژینەوەیە وەڵامەکانیان بخرێنەڕوو، چونکە هەم پەیوەندییە خراپەکانی هەر دوو وڵات کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد درووست کردووە، هەمیش خراپی ناو ماڵی کورد و دۆزەکەی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی هەر دوو وڵات هەبووە، هەموو ئەمانە گرنگی بابەتەکە دەرئەخەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی و بابەتییانە پشتبەست بە دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی پەیوەندییدار شرۆڤەی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان بکرێن.

ئامانجی سەرەکیی لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی سرووشتی دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق و سووریایە، چونکە لەسەر ئاستی هەرێمی رێککەوتنامەی جەزائیر دۆزی کوردیی لە چوارچێوەیەکی داخراودا هێشتەوە، هاوکات جگە لە سووریا هەر سێ وڵات (عێراق، ئێران، تورکیا) هەموو پشتگیریی و هاوکارییەکیان لە بزووتنەوەی کورد بڕی، دیوێکی تر ئەم بابەتە دەرخستنی خەباتی نوێ کورد لە باشوور بە پشتگیریی سووریا ، چونکە سووریا بەهۆی ململانێی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی تر دەرگای سیاسیی و خەباتی چەکداریی بە رووی کورد کردەوە، ئەم هەڵوێستەی سووریا لەلایەک نیگەرانی وڵاتانی هەرێمی لێکەوتووتەوە، لەلایەکی ترەوە بووە مایەی دڵخۆشی کورد و دۆزەکەی، بۆیە لەم ماوەیەدا خەباتی چەکداریی کورد لە دژی عێراق بەردەوامیی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی رێکخراوەی و یەکگرتووی نەبوو، بەڵکو بەشێوەی پەرش و بڵاوی بووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد درووست کردووە. توێژینەوە لە پێشەکیی، دوو تەوەرە، ئەنجام پێکهاتووە، بەجۆرێ لە تەوەرەی یەکەم باس لە ‹‹دۆز و خەباتی سیاسیی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان (١٩٧٥- ١٩٨٠) و کاریگەییەکانی لەسەر عێراق و سووریا ›› کراوە،

چونکە دۆز و خەباتی سیاسیی کورد کاریگەری زۆری لەسەر عێراق و سووریا درووست کردووە، هەرچیی تەوەرەی دووەمە «دۆزی کورد کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا (١٩٧٥- ١٩٨٠)؛ لەم تەوەرەیە باس لە کاریگەریی دۆزی کورد لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا ئەکرێت، چونکە بەهۆی ئەمەوە پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵاتی تێکچووە، بۆیە ناهاوسەنگیی زۆر لە پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا بەرامبەر بە دۆزی کورد بەدی ئەکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە، بە تایبەت بەڵگەنامەی بڵاونەکراو و بڵاوکراوەکان سوودی زۆرییان هەبووە، هەروەها پەرتووکەکان بە زمانەکانی (کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی) بەکارهاتوون و لەگەڵ یادداشت و بیرەوەرییە کەسییەکان، گرنگییان بە توێژینەوەکە گەیاندووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نامە و تێزی زانکۆیی و دیدارە کەسییەکان زانیارییەکانی دەوڵەمەنتر کردووە، جگە لەوەی بەکارهێنانی چەندین (گۆڤار، رۆژنامە) ی جۆراوجۆر سوودی زۆریان بە توێژینەوەکە هەبووە، لە کۆتاییدا چەند خاڵێک وەک ئەنجام خراونەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

### دۆز و خەباتی سیاسیی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان (١٩٧٥- ١٩٨٠) و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و سووریا

دوای رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)، بەشی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە هەر دوو باڵی (مەلایی- جەلالیی) ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر و رۆژئاوا بوون، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دۆزی کورد بە تەنیا مایەوە، بەهۆی ئەمەوە خەباتی سیاسیی کورد تووشی ئاوارە و سەرگەردانیی بوو، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر و بۆشاییەکی گەورە لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دروستبوو، کوردی بەسەر سێ ستوونی جیاوازدا دابەش کرد(١)، هەموو لایەک پێیان وابوو شۆڕشی کوردیی کۆتایی هات و جارێکی تر دووبارە نابێتەوە (حبیب، ٢٠٠٥: ٣٨٧) لەم بارەیەوە سەرۆک کۆماری عێراق لە وتەیەکدا رایگەیاندبوو شۆڕشی کوردیی بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هات، تەنانەت ئاهەنگیش بەو بۆنەیەوە لە شارەکانی عێراق ساز کرابوو، بەڵام بۆ کورد کۆتایی نەهاتبوو، بەڵکو بەشێوەی مەفرەزەی بچووک بچووک لەسەر سنورەکان بەردەوامییان بە خەباتی سیاسییان دا (عیسا، ب ٢، ٢٠١٤: ٣٩)، زۆری نەبرد بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانیی دوای (١٣) سێزدە رۆژ لەسەر ئاستی سیاسیی و رێکخستنەوەی هێزەکانیان لەلایەن هەر یەکە لە مەسعوود بارزانیی و ئیدریس بارزانیی چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پێشمەرگە بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیان کران، کە ژمارەییان نزیکەی «١٠٠٠» پێشمەرگە بووە، بەهۆی ئەمەوە لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکان خەڵک پەیوەندییان پێوە کردوون (گوڵان، ژمارە ٧٥، ١ی حوزێرانی ١٩٩٦: ٨ ؛ برایەتی، ژمارە ٣٦٩٠، ٢٦ی ئایاری ٢٠٠٢)، لەم بارەیەوە مەسعوود بارزانیی وتوویەتی «بە فەرمانی بارزانیی چەند مەفرەزەیەکی بچووک لە پێشمەرگە و کادیری رێکوپێک لە سەر سنوور دانران و بە هاوکاری هەر چوار برامان لە پارچەکانی تری کوردستان توانرا بەردەوامیی بەین بە مانەوەی خۆمان و رۆژ لە دوای رۆژ بەرەوپێشچوون و لە (نیسانی ١٩٧٥) بە فەرمانی بارزانیی دەست بە دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتیی کرا، بۆ

رێبەراتییکردنی رێکخستنی پارتایەتیی لە ناو وڵاتی ئاوارەیی و وڵاتی دەرەوە و گرنگییدان بە بواری لەشکریی، توانرا چەند مەفرەزەیەک لە ناو وڵاتدا بمێنێتەوە (پەیمان، ژمارە ٣٧٢، ٢٩ی ئایاری ٢٠٠٢ ؛ برایەتی، ژمارە ٣٦٩٥، ئایاری ٢٠٠٣) ئەمە سەبارەت بە خەباتی سیاسیی کوردە پەناهەندەکانی وڵاتی ئێران کەوا بەشێکیان بڕیاریاندا بەردەوامیی بە خەبات دژی حکومەتی عێراقی بەن.

سەبارەت بە خەباتی سیاسیی کوردە پەناهەندەکانی وڵاتی سووریا ، ئەوانیش لە هەوڵی خۆرێکخستنەوە دابوون بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسیی نوێ لە دژی حکومەتی عێراق، بەمەش خەباتی سیاسیی کورد لێرە بە دواوە زیاتر لە ئاراستەی سووریا نزیکبوویەوە، هەرچیی ئێران بوو بەهۆی رێککەوتنی لەگەڵ عێراق ئامادە نەبوو هاوکاریی هەستانەوەی شۆڕشی کورد بکات، بۆیە سووریا بووە دەروازەیەکی گرنگ بۆ باشووری کوردستان (ئەمین، لە کەناری...، ١٩٩٧: ٩٦ ؛ چەند لاپەرەیەک لە مێژووی...، ٢٠٠٥: ٤٢). وەک دەردەکەوێت سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بە تایبەت ئەوانەی لە سووریا بوون لە دوای رێککەوتننامەی جەزائیر هەوڵیانداوە دۆست و هاوکاریی تر بۆ سەرخستنی شۆڕشی کوردی بدۆزنەوە، بە تایبەتیش چەقی قورساییان لەسەر سووریا و لیبیا بوو، هەر لەو بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت ‹‹لە سووریا نامەیەکم بۆ مەلا مستەفا نووسی تێدا هاتبوو ئەوە لیبیا ئامادەیە، سەرۆک حافز ئەسەدیشم بینیوە، ئەویش ئامادەیە بۆ هاوکاری و گوتی چەک و تەقەمەنی لەسەر من، بەڵام من پارەم نییە، وا لیبیا پارە ئەدات›› (ب١، ٢٠١٩: ٤١٢)، هاوکات سەبارەت بە مەلا مستەفا لە وەڵامی نامەکەی مام جەلال، لەم بارەیەوە فواد مەعسووم ووتوویەتی ‹‹لە یەک بۆ دوو هەفتەی دوای رێککەوتننامەی جەزائیر من و جەلال تاڵەبانی یەکترمان بینی، بۆ رێکخستنەوەیەکی نوێی و جەلال تاڵەبانی نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بارزانیی نارد و بارزانیی وڵامیدایەوە و گوتبووی هەرچییەک لە دەستتان بێت بیکەن›› (کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٣، ١ی حوزێرانی ١٩٩٣)، دوای ئەم پرۆسێسە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: بۆ ئەم مەبەستە سەردانی حافز ئەسەدم کرد و پێی گووتم: ‹‹سووریا وڵاتی خۆتانە، هاوکاریتان دەکەین بۆ ئەوەی هەڵسنەوە›› (ب٢، ٢٠١٩: ٣٨)، بەم شێوەیە خەباتی سیاسیی لە شێوەی شەڕی پارتیزانی دەستپێکردەوە، کەوا لەم روانگەیەوە حکومەتی سووریا بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاوکاریی کوردی کردووە، هاوکارییەکان لە سەرجەم وڵاتانی هەرێمی بۆ کورد وەستا، جگە لە سووریا ، وڵاتی تر ئامادە نەبوو بۆ هەستانەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوور هاوکاریی کورد بکات، بۆیە لە سووریا هەر زوو هەوڵەکان بە گەڕخران بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە نامەیەکی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی لە (١٦ی نیسانی ١٩٧٥)، کە ئاراستەی عومەر شێخمووس کراوە، ئاماژە بە دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسیی دەکات، بۆ ئەم مەبەستە داوای سازکردنی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان کردووە، بۆ بڕیاردان لەسەر شێوەی خۆ رێکخستنەوەی کاری سیاسیی، بۆ ئەم مەبەستە دەست بە کۆبوونەوە و رێکخستنەوەی چەکداریی و سیاسیی کرد (دەستەی... ١٦ی نیسانی ١٩٧٥، وەرگیراوە لە ئەحمەد، ٢٠١٨: ٢٦٠)، هەروەها هەر بۆ هەمان مەبەست لە بەرلین نامەیەکی تر لە (٢٢ی نیسانی١٩٧٥) ئاراستەی دەستەی دامەزرێنەران کراوە، داوایەکی بەپەلەی ئاراستە کردووە لە بارەی کات و شوێنی کۆبوونەوە و داوای هێنانی بیروڕای ئەندامانی بۆ ناو کۆبوونەوە کردووە، تەنانەت ئەوان رێککەوتی (١٦- ١٩ی ئایاری ١٩٧٥) بە کاتێکی باشیان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە زانیوە (نامەی دووەم، دەستەی... ٢٢ی نیسانی١٩٧٥، وەرگیراوە لە: بەرزنجی، یەکێتیی...، ب١، ٢٠١٧: ٨٧).

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەکی کوردی دانیشتووی باشوور لە سووریا ، لە کۆتا کۆبوونەوەیان،

کە لە کافتریا و ڕێستورانتی تەلیتۆڵە (طليطلة) لە گەڕەکی (ئەبو رومانە)ی سووریا ئەنجامدرا، لە ڕێککەوتی (٢٢ی مایسی ١٩٧٥)(٢) بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاری دامەزراندنی پارتێکی نوێی بەناوی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بە ئاگاداری بەرپرسانی سووریا لەلایەن ئەندامانی ئەو پارتە پەسەند کرا، دواتر لە ئێزگەی دیمەشق بەیاننامەی یەکێتی خوێندرایەوە، بەمەش پارتێکی سیاسیی بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوور هاتەکایەوە، ئەمە لە کاتێکدا تەواوی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاوارە و پەرتەوازە ببوون، هاوکات سووودیان لەم بۆشایە وەرگرت و توانیان پارتێکی تر دامەزرێنن، بەمەش خەباتی سیاسیی کورد بۆ چەندین پارتی سیاسیی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەنگاوی هاوێشت، دروستبوونی ئەم پارتە بە خواست و دڵی وڵاتانی (تورکیا، ئێران، عێراق) نەبوو، تەنانەت بە خواستی سووریا ش نەبوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ عێراق ئامادەیی بۆ هاوکاریکردنی دەربڕیوە، بۆیە ئەمانە دواتر دژایەتی بەشی زۆری پارتە سیاسییەکانی کوردیان کردووە (مراد، ٢٠٠٦: ٢٨ ؛ الوسط، العدد ٣٥٥، تشرينی الثاني ١٩٩٨: ١٣ ؛ جەلال، ٢٠١٧: ١٤٦ ؛ شەریف، ٢٠٢١: ٩٦)، هەر لەو ماوەیەدا بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسیی و چەکداری کورد لە باشووری کوردستان پارتێکی تر لە دایکبوو، ئەویش پارتی سۆسیالیستی کورد(حسک)(٣) لە (٨ی ئابی ١٩٧٦) لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان دەرکەوت، ئەم پارتە داوای سەربەخۆی کوردستانی دەکرد، ئامادەییان دەربڕیوە لە هەر پارچەیەکی کوردستان پێویست بکات خەباتی چەکداریی ئەنجام بدەن و دژی وڵاتان بوەستنەوە، بە زیادبوونی ژمارەی پارتە سیاسییەکان کاریگەرییەکی ئەو تۆییان لەسەر پرسی کورد دروستنەکردووە، چونکە بەشی زۆرییان بە ململانی ناوخۆیی خەریک بوون، کەمتر هەڵوێستێکی گشتگیرییان بەرامبەر بە دۆزی کورد هەبووە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩: ٣٥).

پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا لەسەر ئاستی حزبی بەعس و شێوازی حکومڕانی و چەندین هۆکاری تر ناکۆکییان کەوتە نێوان، بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر پەیوەندییەکانیان زیاتر بەرەو گرژی و ناخۆشی چوو، لەم نێوەندەدا کورد چاوێکی لەسەر سووریا بوو بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن، ئەوەی زۆر گرنگە سووریا گرنگی زۆری بۆ هێزە نەیارەکانی عێراق هەبوو، جگە لە هاوکاریکردنی بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە هەمانکاتدا هاوکاری زۆری هێزە کوردییەکانی کردووە، بە تایبەتی سووریا کارخانەیەکی کاریگەر بۆ دروستبوونی پارتە سیاسییەکانی کورد بووە، کە ڕێگەیدەدا بە دروستبوونی چەندین پارتی سیاسیی لە دژی حکومەتی عێراقدا، حکومەتی سووریا بە هۆکاری دروستنەکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایش و بارودۆخی ناوخۆی سووریا ، ئامادە بوو هەموو هاوکارییەک پێشکەش بە کوردی باشوور بکات بۆ ئەوەی دژی حکومەتی عێراقی بوەستنەوە (کەریم، ٢٠١١: ١٧٩)، بۆیە یەکێتی هەر لە دامەزراندنەوە شوێنی ڕێکخستن و مەشقپێکردنی پێشمەرگە و کادیرەکان و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و بەیاننامەکانی بووە، سووریا ڕێگەی بەو کەسانەدەدا، کە لە ئێران و عێراق و تورکیاوە دەهاتنە سووریا هەموو ڕێگایەکی بۆ کردبوونەوە، هەر دەربارەی سووریا مام جەلال دەڵێیت: ‹‹هەرگیز چاکەی سووریا مان لە بیر ناچێتەوە، بە ڕاستی ئەو سەردەمە سووریا نەبوایە نەمان دەتوانی ئەو کارە وەک پێویست ئەنجام بەین، سووریا نەک هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسیی، دەرگای ڕیکخستن، دەرگای پروپاکەندە، بەلکو دەرگای ڕاهێنانی پێشمەرگەشیی بۆ کردینەوە، دەرگای چەک پەیداکردنی بۆ کردینەوە، کە چەکمان پێبدات و کەرەسەکانی شۆڕشمان بۆ بێنێتە دێ، بۆیە بە ڕاستی یەکێتی زۆر قەرزاری سووریا یە››(کوردستانی نوێی، چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژمارە ١٢٩٨، ٢/ ٦/ ١٩٩٦) هەروەها هەر لە بارەی هەڵوێستی سووریا بەرامبەر بە دۆزی کورد نەوشیروان مستەفا

دەڵێت: ‹‹هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش دوای ئاشبەتاڵ، بە سەروەرییەکی گەورە لە مێژووی کوردا حساب بکرێ، دەبێ لەم سەروەرییەدا کورد بە رێز لی نانەوەی چاکەی سووریا ، بە تایبەتی هی سەرۆک حافز ئەسەدی لە بەر چاو بێ›› (لە کەناری.، ١٩٩٧: ٧٧)، جێگەی باسە حکومەتی سووریا بۆ هەستانەوەی شۆڕش لە باشوور هاوکاری زۆری پێشکەش بە کورد لە دژی عێراق کردووە، هەرچەندە ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی تاک حزبی ئەنجامدراون، بەڵام هەندێکجار سوودی زۆری هەبووە، بە تایبەت لە هاوکاری و گواستنەوەی کەلوپەل سوودیان لەیەکتری بینیوە، ئەکرێت سووریا بە ناوەندێکی گرنگ بۆ هەستانەوەی شۆڕش بۆ باشوور ناوبنێن، چونکە سووریا ئامادەبوو هاوکاریی جۆراوجۆر پێشکەش بە کوردی باشوور بکات، ئەمە لە کاتێکدا بزووتنەوەی کوردی لەو وڵاتە بە تەواوی کز کرابووەوە، هاوکات ژمارەیەک کوردی رۆژئاوا و باشوور و بەشەکانی تر لە سووریا دەستییان بە کۆبوونەوە کردووە، سەبارەت بە خەباتی کورد لە پارچەکانی ترەوە گفتوگۆی نێوانیان ئاڵوگۆرکراوە، ئەمەش بۆ سەر لە نوێ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و پلانی تازەوە، ئەم نزیکبوونەوەی کورد لە سەرانی سووریا وایکردووە پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا بەرەو ئاسۆیەکی نادیار ببات (الشرارة، العدد (٣)، اذار ١٩٨٧: ١١ ؛ شێخمووس، ٢٠١٩: ٢٨٠). لەم بارەیەوە جەمیل حاجی لە بیرەوەریەکانی دەڵێت: بە مەبەستی باشکردنی پەیوەندیی لە نێوان کوردی باشوور و رۆژئاوادا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی چەندین دانیشتن و گفتوگۆمان ئەنجامداوە، بە تایبەت لە بارەی دروستبوونی پارتێکی نوێ بۆ ئەوەی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە دژی حکومەتی عێراق دروستبکرێت، سووریا ش ئامادەیی بۆ هاوکاریمان دەربڕیوە (٢٠١٢: ١٤٣).

یەکێتی لە ساڵی یەکەمیدا توانی لەسەر ئاستی سیاسیی بەردەوام بێت، لە ساڵی دووەمی دامەزراندنیەوە خەباتی سیاسیی خۆی بۆ چەکداری گۆڕی، بۆیە هەر زوو جەلال تاڵەبانی پرۆژەیەکی بەناوی نەخشەی رزگاری پەسەندکرد، هەر لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا یەکەمین دەستەی پێشمەرگە رەوانەی باشووری کوردستان بکرێتەوە و نامە بۆ هەموو رێکخستنەکانی ناو وڵات بنێردرێت، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری مەفرەزەکان بۆ شاخ نێردران، هەموو ئەم هەوڵانە وایکرد یەکەم مەفرەزەی چەکداریی لە (١ی حوزێرانی ١٩٧٦) لە سنوری سووریا وە بگاتەوە باشووری کوردستان، بۆیە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بە هاوکاری حکومەتی سووریا لە باشووری کوردستان دەستپێکردەوە (عومەر، ٢٠٠٢: ٧٤ ؛ عەبدولکەریم، ٢٠١١: ٥٢ ؛ بۆ دەقی بەیانی یەکێتی بڕوانە: سنجاري، ٢٠٠٩: ٧٧- ٨٠) لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی کاتی پارتی(٤) لە دوو شوێنەوە مەفرەزەیان ناردەوە باشووری کوردستان یەکیان لە بەرەی بادینان لەسەر سنوری تورکیا و عێراق، ئەوەی تریان لە سنوری ئێران و عێراق بوو، بەم شێوازە خەباتی چەکداریی لە دژی حکومەتی عێراقی دەستپێکردەوە، بەڵام نێوماڵی کوردی پەرش و بڵاوبوو، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد دروستکرد، چونکە هەر لایەک بە ئاوازی خۆی مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و دۆزی کورد کردووە (سنجاري، ٢٠٠٦: ٥٩)، سەرئەنجام سەرکردایەتی کاتی پارتی خەباتی خۆی لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵان لە (٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦) دەستپێکردەوە، کە زیاتر بەو بەشەی لەژێر دەستی بوو پێیدەگوترا ‹‹شۆڕشی گوڵان›› لە بەرامبەر ئەمەدا بەو بەشەی، کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان سەرکردایەتی دەکرد پێیان دەگوت ‹‹شۆڕشی نوێ›› بەو شێوازە خەباتی سیاسیی کوردیش کەرتبوونێکی قوڵی بە خۆیەوە بینیوە، هەر لایەک بەشێواز و فۆرمی خۆیەوە مامەڵەی کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دۆزی کورد لە هەر دوو وڵات دروستکرد، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییە هەرێمییەکانیشی تێکداوە، بە تایبەت پەیوەندیی نێوان سووریا و عێراق، کە هەر لایەو ئەوەی تری پێ تۆمەتبار کردووە (برایەتی، ژمارە ١٦٥٣، ٢٤ی ئایاری ١٩٩٣ ؛ مەتین، ژمارە ٤٠، گوڵانا ١٩٩٥). لە ئەنجامی هاتنەوەی مەفرەزەکانی پارتی و یەکێتی بۆ باشووری کوردستان ئەوە بوو لە (١٧ی تەمموزی ١٩٧٦) تووشی شەڕێکی سەخت بوون و لە ئەنجامی ئەمەدا ژمارەیەک پێشمەرگە دەکوژرێن، بەم ئەندازەیە لە بری ئەوەی

ئەو مەفرەزانە شەڕی حکومەتی عێراقی بکەن و بەرگری لە ناوچەکانی کوردستان بکەن، تووشی شەڕی ناوخۆیی (٥) هاتن، ئەمەش زیانێکی زۆریان بە دۆزی کورد گەیاند و ناکۆکی ناوخۆیان زیاتر لە نێوانیان تەشەنەی سەند (عەبدوڵلا، ٢٠٠٥: ١٠٧) هاوکات کوردی رۆژئاواش بە پەرۆشەوە بوون بۆ بارودۆخی باشووری کوردستان، لەگەڵ هاتنەوەی مەفرەزەکان بۆ باشوور بەشێکی کوردی رۆژئاواشی تێدابوون، هەر لەم بارەیەوە عەدنان موفتی دەڵێت: لەگەڵ هاتنی یەکەم مەفرەزە بۆ باشووری کوردستان، کوردی رۆژئاوا بۆ پشتگیری و شەڕ لە دژی حکومەتی عێراق هاتن، بەڵام لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ چەند کەسێکیان کوژران (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، هەولێر)(٦).

سووریا بە دوو رێچکەی جیاوازەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد لە باشوور کردووە، یەک؛ هەرچەندە هاوکاری پارتەکانی کردووە، بەڵام هەمیشە هەولێداوە بزووتنەوەی کورد پەرت بکات. دوو؛ بەبێ جیاوازی هەولیداوە هاوکاری هەموویان بکات، هەرچەندە هاوکارییەکانی سووریا سەرکردایەتی کاتی پارتی نەدەگرتەوە، بەڵام ئەوانیش لە هەوڵەکانی خۆیان بەردەوامبوون، چەندین مەفرەزیان دروستکرد و رەوانەی کوردستانیان کردنەوە، دواجار پێکدادان لە نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی کاتی پارتی دروستبوو، لە دیمانەیەکیدا مەسعوود بارزانیی پێیوایە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئەو بارودۆخەی بەسەر کورد هاتووە، شۆڕش بە تەنیا بە یەک پارت ناکرێت، بۆیە نامەی بۆ جەلال تاڵەبانی ناردووە و داوای لێکردووە، کە شتی کۆنی وەکو ساڵانی شەستەکان روونەداتەوە و کورد نەبێ بە دوژمنی کورد و داوای دروستکرفنی هەماهەنگی کردووە، ئەویش لە سووریا راستەوخۆ وەڵامی دابووەوە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری راگەیاند، سووریا ش نوێنەریان نارد، کە ئامادەن هاوکاری پارتی بکەن، لەو بارەیەوە مەسعوود بارزانیی ئەندامانی خۆی راسپاردووە، کە لەگەڵ یەکێتی و کەسانی تر لە سووریا هەماهەنگی دروستبکەن، چونکە شۆڕشی ئەم جارە شۆڕشێکی فراوانخواز و فرەحزبی دەبێت، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی کاتی پارتییش پشتگیری خۆی لە دروستبوونی هێزێکی نوێ لە سووریا دەربڕیوە، چونکە ئەوان پێیانوابوو ئێران بزاڤی سیاسیی پەنابەرانی لە هەموو روویەکەوە زۆر سنووردار کردووە، بۆیە مەسعوود بارزانیی کەسایەتی عەلی شەنگاری بۆ پاڵپشتیکردن لە دروستکردنی هێزێکی نوێ لە سووریا دەربڕیوە، ناوبراو لە نامەیەکیدا بۆ مەسعوود بارزانیی لە (٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦) دروستبوونی هێزێکی نوێ لە سووریا بە پێویست زانیوە (بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: نێروەیی، ٢٠١٩: ٦٩).

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا بەهۆی رێککەوتننامەی جەزائیر زیاتر کاریگەریی لەسەر خەباتی چەکداری پارتەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان دروستکرد، سەرەتا هاوکارییەکانی سووریا بۆ هێزی یەکێتی بوو، چونکە لێکتێگەیشتن و تێڕوانینیان بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی هاوتەریب بوو، هەرچەندە سنورەکانیان بە یەکەوە نەبوو و هەرگیز نەیانتوانیوە وەک پێویست سوود لە دۆستایەتی یەکتری وەرگرن، بەڵام سووریا بە چەندین رێگە و شێوازی جیاوازەوە هاوکارییەکانی دەگەیاندە یەکێتی بۆ ئەوەی وەکو کارتێکی بەهێز دژی عێراق بەکاریبهێنن، ئەکرێت بڵێین ئەم نزیکبوونەوەی نێوان حکومەتی سووریا و یەکێتی لە بەرژەوەندی سەرکردایەتی پارتیدا نەبوو، چونکە یەکێتی وەک هێزێکی نوێ دەیویست سوود لە پەرتەوازەیی پارتی وەرگرێت، خۆی بە نماینەدەی کورد هەژمار بکات، تەنانەت لە بارەی دۆسیەی کوردەوە وڵاتانی هەرێمی پەیوەندیی بە یەکێتیەوە بکەن، لە هەمان کاتیشدا پارتی ترسی ئەوەی هەبوو هەژموونی یەکێتی لە ناوچەکە زیاد بکات، دواجار کاریگەریی لە سەریان دروستدەبوو، بۆیە سەرکردایەتی کاتی پارتی هەوڵیدا ئاڕاستەی خۆی بەرەو سووریا بگۆڕێت بۆ ئەوەی سوود لە هاوکارییەکانی وەرگرێت، لەهەمان کاتیشدا سنورێک بۆ بەرفراوانبوونی بەرەی یەکێتی نیشتیمانیی دابنێت (Iraqi ١٨٤٠٢/٩/١١/٢ Note No, ٦ May ١٩٧٦)، ئەم بارودۆخە وایکرد سووریا هاوکاریی دارایی و سەربازی پێشکەش بە

کوردی باشـوور بـکات، تەنانـەت دوای دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـی نـوێ، حکومەتـی سـووریا راهێنانـی سـەربازیی بـە بەشـێک لـە کـوردی باشـوور کـرد، بـەو شـێوازە شـۆڕش لـە سـووریا وە رەوانـەی کوردسـتان کرایـەوە، بۆیـە لە دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول سـووریا بـە یەکـەم وڵات دائەنرێـت لـە دەسـتگرتنی کـورد و دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـی نـوێ، ئەگەرچیـی بەشـێکی بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی بـووە، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا سـوودی بـۆ کوردیـش هەبـووە (Iraqi Note No ۱۸٤۰۲/۹/۱۱/۲, ٦ May۱۹۷٦) ، هەروەهـا سـووریا وەکـو بنکەیەکـی مەشـق و ڕاهێنـان بـۆ هەڵسـانەوەی جووڵانـەوەی کـوردی و خەباتـی کـورد وابـوو، هاوکارییەکانیـان بـە جـۆرێ بـوو بنکـەی سـەربازیی لـە ناوچـەی (التـل) نزیـک شـام بـۆ کردنـەوە و نزیکـەی (۲۰۰- ۳۰۰) کـەس راهێنانـی سـەربازییان پێئەکـرا، هـاوکات ژمارەییەکـی زۆر کادیـری کـورد بـە هیـوای دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕش بـەرەو سـووریا ڕۆیشـتن و بەشـدارییان لـە مەشـق و راهێنانـەکان کـرد (سـنجاري، ۲۰۰۹: ۱۳۱ ؛ جـەلال، ب۲، ۲۰۱۹: ۳۸ ؛ الـركابي: ۲۳٤- ۲۳۵)، چونکـە لـە ئێـران دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕش زۆر سـەخت و دژوار بـوو، بۆیـە بەشـێکی زۆری ئەوانـەی بـە نیازبـوون بەشـداری شـۆڕش بکەنـەوە لـە ئێرانـەوە بـەرەو سـووریا چـوون و لەگـەڵ ئەندامانـی یەکێتـی بەشـداری راهێنـان و مەشـقی سـەربازی بـوون و پاشـان رەوانـەی کوردسـتان کرانـەوە، کـە ئەمـەش سـوودی زۆری بـۆ پێشـمەرگە و باشـووری کوردسـتان هەبـوو، بـەم شـێوازە خەباتـی کـورد وەرچەرخـان سیاسـیی بـە خـۆوە بینیـوە لـە بـەرەی ئێرانـەوە بـۆ بـەرەی سـووریا (نێروەیـی، ۲۰۱۹: ۷٦).

سـەبارەت بـە بارودۆخـی کـورد و خەباتـی سیاسـیی لـە رۆژئـاوای کوردسـتان راسـتەوخۆ کاریگەریـی باشـووری لەسـەر هەبـوو، هـەر رووداو و پێشـهاتێکی سیاسـیی لـە باشـوور روویدابایـە بـە ئاسـانی بـۆ نـاو خەباتـی سیاسـیی لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دەگوازرایـەوە، لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانەشـەوە کاریگەریـی پارتـە سیاسـییەکانی باشـوور لەسـەر رۆژئـاوای کوردسـتان هەبـوو، جێگـەی باسـە کـوردی رۆژئـاوا بـە گشـتیی سیاسـیی بـوون یـان راسـتتر بـە دوای هەواڵەکانـی باشـووری کوردسـتان دەگـەڕان، بڕوایـان وابـوو تاکـو کـوردی باشـوور بـە مافەکانیـان نەگـەن، ئـەوان هیـچ دەسـکەوتێکی سیاسـیی بـە دەسـتناهێنن، لەبـەر ئـەوە زۆربـەی کات چاویـان لەسـەر رووداوەکانـی باشـوور بـوو (چاوپێکەوتـن لـە رێگـەی زوومـەوە لەگـەڵ سـەلاح بەدرەدیـن، ۱۸ی تشرینـی یەکەمـی ۲۰۲۲، ئەڵمانیـا)(۷)، لەسـەر ئاسـتی پارتە سیاسـییەکانی کـوردی رۆژئاوادا دابەشـی سـەر دوو سـتوون بـوون، سـتوونی یەکـەم: ئەوانـەی لـە سـووریا وە نزیـک بـوون و دژایەتـی حکومەتـی سـووریا یـان نەدەکـرد، بـە نزیکـی سـووریا دادەنـران لـە زۆر پـرۆژەی سـوریدا پشـتگیری حکومەتـی سـووریا ن کـردووە، تەنانـەت هیـچ یەکێـک لـەو پارتانـە دروشـمی گەورەیـان هەڵنەگرتبـوو، بەڵکـو داواکارییەکانیـان زۆر سـنوورر و کـەم بـوو، وەکـو مافـی هاونیشـتیمانیی سـوریی و یەکسـانی و هەندێـک مافـی رۆشـنبیریی خۆیـان پێـوە سـەرقاڵکردبوو، ئەمـەش لـە پێنـاو ئـەوەی حکومەتـی سـووریا و نەتەوەپەرسـتەکانی عـەرەب لـە خۆیـان توڕەنەگـەن وشـەی رۆژئـاوای کوردسـتان بەکاریـان نەدەهێنـا. سـتوونی دووەمیـش، دژی هەمـوو جـۆرە کار و چالاکییەکـی سـووریا بـوون و داوای هاوبەشـیکردنی راسـتەقینەی کوردیـان لـە نـاو سـووریا دەکـرد، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەمانـە لەلایـەن حکومەتـی سـووریا وە بـەردەوام چاودێریـان دەخرایـە سـەر و زۆرجـار لـە وڵات دوور دەخرانـەوە یـان زیندانـی ئەکـران (ئەمیـن، لـە کەنـاری..، ۱۹۹۷: ۱۱۹- ۱۲۰)، بـەڵام عەلـی شـەمدین نووسـەر و سیاسـیی رۆژئـاوا بۆچونێکـی جیاوازتـری هەیـە، لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: پارتـە سیاسـییەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان ئەگەرچیـی لـە چەندیـن رەهەنـدەوە جیاوازییـان لـە نێـوان بەدیئەکـرا، بـەڵام لەسـەر پرسـی کـورد و دۆزی کـورد یـەک دەنگبـوون، بۆیـە لـە رووی رۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی نزیکـی یەکتر بـوون، بەڵکـو دروشـمەکانیان سـەربەخۆیی و هاوبەشـی دروسـتکردن لـە ژیانـی سیاسـیی رەنگـی داوەتـەوە، ئەکرێـت بڵێیـن هەمـوو پارتـە سیاسـییەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان رەگێکـی نەتـەوەی کوردییـان پێـوە دیـار بـووە، بـەڵام تێروانینیـان بەرامبـەر بـە پرسـە چارەنووسـسـازەکانی کـورد و دۆزەکـەی جیـاوازی لـە نێوانیـان دەردەکـەوت (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەلـی شـەمدین، ۱۵ی کانوونـی یەکەمـی ۲۰۲۲، سـلێمانی)(۸)، کەچیـی لەگـەڵ ئەوەشـدا عومـەر شـێخمووس پێیوایـە و

دەڵێیت: لـە سـەردەمی حافـز ئەسـەد سـەرەتا هەڵوێسـتێکی دوژمنایەتیـان نەبـوو، بەڵکـو سـەرقاڵی خـۆ ڕێکخسـتنەوە و چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییەکانـی خۆیـان بـوون، ئەمـە لـە کاتێـکدا کـوردی ڕۆژئـاوا بەهـۆی بـێ بەرنامەیـی و پـەرش وبـڵاوی هەڵوێسـتێکی ئەوتۆیـان بەرامبـەر بـە چارەنووسـی ئـەو پارچەیـە نەبـووە، چونکـە لـەو سـاتەدا ئەکـرا کـوردی ڕۆژئـاواش داوایەکـی هاوشـێوەی باشـوور ئاڕاسـتەی حکومەتـی سـووریا بکـەن، بـەڵام بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر ئەمـە نەکـرا، ئەمـەش زیانـی بـە دۆزی کـورد لـەو پارچەیـە گەیانـدووە (چاوپێکەوتـن لـە ڕێگـەی زوومـەوە لەگـەڵ عومـەر شـێخمووس، ٢٥ی ئابـی ٢٠٢١)(٩) ، هـەر لـەو ماوەیـەدا بەشـێک لـە کوردی ڕۆژئـاوا لـە سـاڵی (١٩٧٦) لـە لوبنـان توانیـان بنکـەی کاوە بـۆ ڕۆشـنبیریی دروسـتبکەن، وەکـو سـەنتەرێکی ڕۆشـنبیریی کاریگەریـی زۆری لـە سـەر دۆزی کـورد لـەم پارچەیـە درووسـت کـردووە (چاوپێکەوتـن لـە ڕێـگای زوومـەوە لەگـەڵ سـەلاح بەدرەدیـن، ١٨ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٢)، هەروەهـا لـە (٩ی حوزێرانـی ١٩٧٧) لـە دیمەشـقدا یەکێتـی دیموکراتـی کوردسـتان دوای ناڕازیبوونـی ژمارەیـەک سـەرکردە لـە سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی هاتـە دامەزرانـدن، بەمـەش خەباتـی سیاسـیی کـورد گـۆڕا و سـیمایەکی جیاوازتـری وەرگـرت (سـنجاری، ٢٠١٥: ١٠٢- ١٠٣).

حکومەتـی سـووریا سیاسـەتێکی سـنووردار و دیاریکـراوی بەرامبـەر بـە پارتەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئەنجامـداوە، ڕێگـری لـە گشـت چالاکـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنی و پارتـە سیاسـییەکان کـردووە، سیاسـەتێکی وای ئەنجامداوە بەشـێک لـە پارتـە کوردییەکانـی ڕۆژئـاوا خزمـەت بـە ئـەو بکـەن، یانیـش لـە ڕێگـەی دامودەزگایەکانـی خۆیانـەوە زانیـاری لـە نـاو پارتـەکان کۆبکەنـەوە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی دەزگا سـیخورییەکانی سـووریا وە بـوو، بەشـێوەیەک حکومەتـی سـووریا چەندیـن کەسـی بـە کاری سـیخوڕیی وەکـو ئەنـدام لـە نـاو پـارت و ڕێکخـراوەکان دانـاوە، بـۆ ئـەوەی لـە کار و چالاکـی سیاسـیی ئاگاداریـان بکەنـەوە، ئەمـەش ئەکرێـت بڵێیـن لـە هـەر دوو وڵات بەدیئەکـرا و کاریگەریـی خراپـی بـۆ سـەر دۆزی کـورد دانـاوە (ئیبراهیـم، ٢٠٠٢: ٢٦- ٢٧)، هـەر لـەو ماوەیـەدا حکومەتـی سـووریا هەمـوو دروشـمێکی کورد و کوردسـتانی قەدەغـە کـردووە، تەنانـەت دژی دروشـم و پەیـڕەوی پارتەکانـی کـوردی وەسـتاوەتەوە، بـە نموونـە لـە (تشرینـی دووەمـی ١٩٧٧) کاتێـک پارتـی دیموکراتـی کـوردی سـووریا کۆنگـرەی چوارەمـی خۆیـان لـە قامیشـلۆ ئەنجامـدا، بەشـێوەیەکی فەرمـی کۆمەڵێـک بڕیاریـان دەرکـردووە و یەکێـک لەوانـە گۆڕینـی نـاوی پارتەکـە بـوو بـۆ پارتـی پێشـەنگی پێشـڤەرویا کـوردی لـە سـووریا ، بەمـەش کار و چالاکـی ئـەو پارتـە لـە سـووریا سـنووررکرا (شـەمدین، ٢٠١٨: ١٧٢)، تەنانـەت سـنووردانانی بەرامبـەر بـە یەکێتـی نیشـتیمانیی کوردسـتان ئەنجامـداوە، کاتێـک یەکێتـی ڕۆژنامەیـەک بـە زمانـی کـورد بەنـاوی «ڕێبـازی نـوێ» چاپـدەکات هـەر زوو سـووریا ڕێگـەی لـە دەرچوونـی گـرت، بـە بیانـوی ئـەوەی دەسـتووری سـووریا ڕێگـە بـە زمانـی کـوردی نـادات، قەدەغـەی کـردووە، لـە هەمـان کاتیشـدا هاوکاریـی و هەماهەنگییەکانیشـی مەرجدارکـردن، بۆیـە هاوکارییەکانیـان زیاتـر لـە بەرژەوەندیـی سـووریا دابـوو، هەرکاتێـک مەترسـی کەوتبایـە سـەر سـووریا ئـەوا هەڵوێسـتەکانیان بـە تـەواوی دەگـۆڕی، ئەکرێـت بڵێیـن سـووریا ترسـی لـە گەشـەکردنی هێزەکانـی کـورد لـە سـووریا هەبـوو، بۆیـە ڕێگـری لـە هەمـوو دروشـمێکی نزیکـی کـورد و کوردسـتانی کـردووە (حەمەدئەمیـن، تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٢: ٢٦).

لەسـەر ئاسـتی ژیانـی سیاسـییدا تێڕوانینـی جیـاواز بـۆ پارتـە سیاسـییەکان لەلایـەن وڵاتانـی هەرێمایەتیـەوە هەبـوو، بەشـی زۆری پەیوەندییەکانیشـیان لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و لەژێـر کاریگەریـی وڵاتانـی دراوسـێ عێراقـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، بەجـۆرێ هـەر کاتێـک یەکێـک لـەو دەوڵەتانـە پەیوەندیـی لەگـەڵ عێـراق تێکچووبوایـە ئـەوە کـوردی بـۆ چاککردنـەوەی ئـەو پەیوەندییانـە بەکارهێنـاوە، بـە تایبـەت سـووریا و ئێـران دوو دەوڵەتـی سەرسـەختی عێـراق بـوون و ڕاسـتەوخۆ کاریگەریـی ئایینـی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـان لەسـەر عێـراق هەبـوو، هـاوکاری و پاڵپشـتیکیان بـۆ پارتـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان دەربڕیـوە (کەریـم، ٢٠١٣: ٥٢)، بۆیـە خەباتـی سیاسـیی کـورد لـە هـەر دوو وڵاتـدا هەندیکجـار

نـا هاوسـەنگی پێـوە دیاربـووە، ئەمـەش پەیوەسـت بـووە بـە خەباتـی پارتـە سیاسـییەکان، کـە بـە ئاڕاسـتەی پێچەوانـە هەنگاویـان هاویشـتووە، کـە لـە هەندێـک بـاردا خزمەتـی بـە حکومەتەکانـی سـووریا و عێـراق کـردووە، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـووریا بـە بـەراورد بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق هیـچ کاتێـک پەنـای نەبردووتـە بـەر خەباتـی چەکـداری و چەکـی دژی حکومـەت بەکارنەهێنـاوە، لەگـەڵ ئـەوەی پارتەکانـی سـووریا هەموویـان بەشـێوەیەکی گشـتیی نـا یاسـایین، تاکـو ئـارام بـن و داوای مافـی ئۆتۆنۆمـی نەکـەن و هەڕەشـەیەکی هاوبـەش دروسـتنەکەن، لـەم سیاسـەتەش حکومەتـی سـووریا سـەرکەوتوو بـووە بەرامبـەر بـە چالاکـی سیاسـیی کـورد لـەم پارچەیـەدا، ناکرێـت ئـەوەش لـە یـاد بکەیـن لـەڕووی جیۆگرافیـا جیاوازیـی زۆر لـە نێـوان سـووریا و عێـراق بەدیەکرێـت، بـە جـۆرێ جیۆگرافیـای باشـووری کوردسـتان شـوێنێکی لـە بـارە بـۆ چالاکـی چەکداریـی، ئەمـە لـە کاتێکـدا ئـەم تایبەتمەندییـە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان هەڵنەکەوتـووە، بۆیـە جیاوازییەکـی زۆر لـە نێوانیـان بەدیەکرێـت (ئەرگوشـی، ٢٠١٢: ٣٨)، ئـەم بارودۆخـە بـەم شـێوەیە مایـەوە لەگـەڵ خۆیـدا کێشـە ناوخۆییەکانـی کـورد زیاتـر تەشەنەیسـەند و زنجیرەیـەک شـەڕی ناوخـۆ لـە نـاو پارتـە کوردییـەکان ڕوویـدا، دیارترینیـان ئـەو شـەڕ و کوشـتارە بـوو لـە نێـوان پارتـی و یەکێتـی لـە هـەکاری لـە (حوزێرانـی ١٩٧٨) ڕوویـدا، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا ژمارەیەکـی زۆر پێشـمەرگەی یەکێتـی کـوژران (ئەمیـن، لـە کەنـاری.،، ١٩٩٧: ٢٧٧).

دۆز و خەباتـی سیاسـیی کـورد لـە (١٩٧٩) لـە ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان وەکـو خـۆی مایـەوە و هەنگاوێکیـش بـەرەو پێشـچوونی نەبینیـوە، بەڵکـو بـەردەوام لێکـترازان و ناکۆکـی(١٠) و پارتـی نـوێ لە ناویـان سـەریهەڵداوە، هـاوکات پارتەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەهـۆی نەبوونـی دیدگایەکـی دیاریکـراو بـەردەوام لێکترازانیـان لـە نێـودا ڕوودەدا، پارتـی دیموکراتـی کـوردی چـەپ لـە سـووریا بەهـۆی دروسـتبوونی ناکۆکـی لـە نێـوان عسـمەت سـەیدا و سـەلاح بەدرەدیـن دابەشـی سـەر دوو بـەرەی جیـاواز بـوون، ئـەوە بـوو لـە (تشرینـی دووەمـی ١٩٧٩) باڵـی عسـمەت سـەیدا کۆنگـرەی پێنجەمـی حزبـی خۆیـان بەبـێ ئامادەبوونـی باڵـی سـەلاح بەدرەدیـن بەسـت و لـە کۆنگـرەدا بڕیـاردرا نـاوی پـارت لـە پارتـی دیموکراتـی کـوردی چـەپ لـە سـووریا بـۆ پارتـی چەپـی کـوردی لـە سـووریا بگۆڕێـت و ڕۆژنامـەی ڕێگـەی میللەتـی کـردە زمانحاڵـی پارتەکەیـان، ئـەم لێکترازانانـەش کاریگەریـی زۆری لەسـەر دۆزی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتکرد (شـەمدین، ٢٠١٨: ١٤٠)، هـاوکات دوای نەگەیشـتن و ئاشـتبوونەوەی لایەنـە ناڕازییـەکان، خەباتـی کـوردی سـووریا دابەشـی سـەر سـێ سـتونی جیـاواز بـوون (چـەپ، ڕاسـت، بێلایـەن)(١١) هـەر یەکەشـیان بـە جیـاواز کاریگەرییـان لەسـەر حکومەتـی سـووریا و دۆزی کـورد لـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتکرد، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا خەباتـی سیاسـیی و دامەزراندنـی پـارت لـە سـووریا بـەرەو زیادبـوون بـرد، هەرچەنـدە زیادبوونـی ئـەو پارتانـە بـە دیوێکـەوە بـۆ کـورد بـە باشـی هەژمـار ئەکرێـت، چونکـە خەباتـی سیاسـیی بەرفراوانـتر کـردووە، بـەڵام لـە سـەرێکی تـرەوە کاریگەریـی خراپـی لەسـەر پەرتبوونـی نـاو ماڵـی کـوردی دروسـتکرد (شـەمدین، ٢٠١٨: ١٨٢)، لێکـترازان نـەک هـەر لـە نـاو بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتبوو، بەڵکـو لـە باشـووریش بـەردەوام بـوو، بـە هەمـان شـێوە لـە (٨ی ئابـی ١٩٧٩) پارتـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان (حسـیک) ڕاگەینـدرا، ئـەم پارتـە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـییەکان بینیـوە، چەنـد مانـگ لـە دوای دامەزراندنـی پارتـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان شـاندێک بـە سـەکردایەتی مەحمـود عوسـمان و عەدنـان موفتـی لـە (٣٠ی ئەیلولـی ١٩٧٩) سـەردانی بەغدایـان کـرد، لەگـەڵ بەرپرسـانی حکومەتـی عێراقـی گفتوگۆیـان ئەنجامـداوە (رسـول، ٢٠٠٥: ١٤٧- ١٤٨)، لـەم بارەیـەوە عەدنـان موفتـی دەڵێـت: مەحمـود عوسـمان لەگـەڵ سـەدام و ئێمـەش لەگـەڵ فـازڵ ئەلـبراک بەرپرسـی هەواڵگـری عێـراق دانیشـتین، پێشـنیازمان کـرد هەمـوو پـارت و لایەنـە سیاسـییەکانی کـورد بەشـداری تێـدا بکـەن، بـەڵام حکومەتـی عێراقـی ڕازی نەبـوو، هـاوکات گفتوگۆکان دوو مانگـی خایانـد و کۆتاییهـات و هیـچ ئەنجامێکـی نەبـوو، هـەر لـەو ماوەیـەدا حزبـی بەعـس داوای گفتوگـۆی لـە یەکێتـی و پارتـی و سۆسیالیسـت کـردووە (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەدنـان موفتـی، ١٦ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢٢، هەولێـر)، دانوسـتانی نێـوان

سۆسیالیست و حکومەتی عێراقی کاریگەریی لەسەر حکومەتی سووریا دروست کردووە، بەرچاوترین نموونەش کاتێک عەدنان موفتی لە ساڵی (١٩٧٩) لەسەر راسپاردەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان دەچێتە سووریا ، لەلایەن دەزگای ئاسایشی سووریا بۆ ماوەی دە رۆژ زیندانی(١٢) ئەکرێت، بەڵام دواتر ئازاد ئەکرێت و دەستدەکاتەوە بە دروستکردنی پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ ئەو رێکخراوە سیاسییانەی، کە لە سووریا بوون، بۆیە سووریا چاودێری گفتوگۆ و دانیشتنەکانیان کردووە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی بەبێ پشتگیری سووریا هیچ جۆرە پەیوەندییەک سەرکەوتوو نەبووە، لەلایەکی ترەوە ناو ماڵی کوردیش پەرش و بڵاوی زۆری پێوە دیار بوو و هەر لایەک بە ئارەزووی خۆی پەیوەندیی بە هێزێکی سیاسیی کردووە، ئەمەش دۆزی کوردی لە هەر دوو وڵات بەرەو لاوازی بردووە (عەبدولکەریم، ٢٠١١: ١٥٨ ؛ حەمەدئەمین، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢: ٢٥). لەم قۆناغەدا دۆزی کورد لەلایەن وڵاتانی هەرێمی بە تەواوی بن دەستکرابوو، کوردی باشوور و رۆژئاوای کوردستان بە تەواوی دیلی دەستی وڵاتانی هەرێمی بوون. ئەکرێت بڵێین یەکێک لەو دیاردانەی شۆڕشی نوێ لەگەڵ شۆڕشەکانی تری جیاواز دەکاتەوە، سەرهەڵدانی دیاردەی فرە حزبیە لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان، بۆ دروستبوونی چەندین حزبی تر، هەمووشیان ئامانجیان خەباتکردن بووە، بەڵام چەندین لایەنی خراپیان هەبووە، دۆزی کوردییان بە تەواوی سەرگەردان و ئاڵۆز کردووە، جگە لە بوونی چەندین شەڕ و ململانێی ناوخۆیی لە نێوانیان، کە لەم رووەشەوە پەیوەندییەکانی نێوان سووریا و عێراق رۆڵی گرنگیان هەبووە.

## تەوەرەی دووەم

### دۆزی کورد کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا (١٩٧٥- ١٩٨٠)

قۆناغی دوای ساڵی (١٩٧٥) بەهۆی خراپی پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا پەیوەندیی کوردی باشووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی سووریا بەرەو باشی و لە یەک نزیکبوونەوە چوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو چوارچێوە سیاسییەی، کە هەر دوو لا گوشاریان لەسەر رووخاندنی حکومەتی عێراقی هەبوو، بۆیە سووریا لای خۆیەوە لەڕووی دارایی و پێداویستی سەربازییەوە پاڵپشتی لێدەکردن و هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێشکەشکردوون، لە بەرامبەر کوردیش هاوسۆزی بۆ دەربڕیوە (تەیب، ٢٠١٢: ٣٠٤ ؛ حەمەدئەمین، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢: ٢١) ئەمە لە کاتێکدا سووریا رێگری لە هەموو چالاکی پارتەکانی کورد لە ناو خاکی سووریا کردووە، بەشێوەیەکی فەرمی هیچ پارتێکی کوردی نییە لەلایەن حکومەتی سووریا دانی پێدا نرابێت، بەڵام لە بەرامبەردا هاوکاری تەواوی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی دەکرد، ئەم شێوازە کارکردنەی عێراق و سووریا بەرامبەر بە دۆزی کورد دەبووە هۆکاری شوێن بزرکردنی دۆسیەی کورد لە نێوان هەر دوو وڵاتدا (بدرالدین، ٢٠١٠: ٤٠٦- ٤٠٧ ؛ کلەین، ئەوانی تر، ٢٠٢٠: ١٩٣) هەرچەندە ئەکرێت بە شتێکی ئاسایی دابنرێت، کە سووریا یارمەتی هەموو گروپ و پارت و رێکخراوێکی دەرەوەی خۆی بدات، چیی لەسەر ئاستی کوردستان یان لەسەر ئاستی عێراق بێت، ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکیی بوو: یەک؛ بەعسی سووریا و بەعسی عێراق دوو باڵی بەعسی دژ بە یەک و نا تەبا بوون و هەر باڵێک لە هەوڵی ئەوەدا بوو باڵەکەی تر لەسەر حوکم لابەرێت و لایەنگرانی خۆی بخاتە سەر حوکم، چ لە عێراق و چ لە سووریا . دوو؛ سووریا لەوە گەیشتبوو، کە ئەمریکا هێندەی پێویستی بە عێراقە و لایەنگری دەکات، ئەوەندەش کار بۆ رووخاندنی رژێمی بەعسی سووریا دەکات، لە رێگەی عێراقەوە دەیەوێت حوکم لە سووریا بڕوخێنێت، چونکە ئەوکاتە سووریا سەرسەختترین دەوڵەتی عەرەبی لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا بوو، ئامادەی

گفتوگۆ و دانیشتن نەبوو، ئەکرێت بڵێین لێرە بە دواوە دۆزی کورد دەچێتە ناو ململانی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە، هەر یەکە لە سووریا و عێراق لە کۆشەنیگای بەرژەوەندی خۆیانەوە دەیانڕوانیە دۆزی کورد، ئەوەندە بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون ئەوەندە پەرۆشی چارەسەری دۆزی کورد نەبوون، لەم نێوەندەشدا کوردیش روانینێکی باشی بۆ رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان نەبووە، نەیتوانیوە وەک پێویست مامەڵەیەکی باش لەگەڵ رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان بکات (جەلال، ٢٠١١: ١٩٢ ؛ عەلی، ٢٠١٨: ٤٢٠).

بە گرژبوونی پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا ، هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هێزەکانی کورد و عێراقییەکان دروستبوو، بە تایبەت بەشێک لە گرووپی نارەزایی عێراقی بارەگای خۆیان بۆ سووریا گواستەوە، بەمەش نزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوانیان دروستبوو، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی زیاتر لەژێر کاریگەریی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دابوو، هاوکات بەشی زۆری گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە دیمەشق بنکە و بارەگا و چالاکی سیاسیی خۆیان گرنگی پێدا، ئەم هەماهەنگیە هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ سووریا و لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری دەکردن بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکی نوێ لە عێراق بێتە ئاراوە بە خواستی سووریا و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بێت (بدرالدین، ٢٠١٠: ٢٩٦- ٢٩٧ ؛ حەمەد، ٢٠١٩: ٣٩)، هەر لەو ماوەیەدا لە سووریا ژمارەیەک پارت و رێکخراوی عێراقی لە چوارچێوەی بەرەیەکدا بەناوی گردبوونەوەی نیشتیمانیی عێراقی (التجمع الوطني العراقي- توع)(١٣) خۆیان رێکخستەوە، ئەوانیش لە دامەزراندن و هاوکاریی یەکێتی بەشداربوون، سووریا رێگەی فەراهەمکرد بۆ چالاکی سیاسیی، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری پێشکەش بکات، هاوکات یەکێتی لە (١١ی شوباتی ١٩٧٦) بەشێوەیەکی فەرمی بووە ئەندامی ئەم بەرەیە و هەر زوو بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی کرد، بەمەش نیشانەکانی هاوسۆزی بۆ هەر دوو لا بە دیار کەوت (الشرارة، العدد ١، تشرين الثاني ١٩٧٥ ؛ دیمانەیەک لەگەڵ فوئاد مەعسوم، تەمموزی ٢٠١٣: ١٥٢ ؛ رەشید، ٢٠٢٠: ١٤٨).

هەڵوێستە توندەکانی عێراق و سووریا دژ بە یەکتر کەشێکی خراپی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەر دوو وڵات دروستکرد، بە هیچ شێوەیەک متمانەی سیاسیی و نەتەوەیی لە نێوانیان نەما، عێراق سووریا ی بە پشتیوانیکردنی کورد تۆمەتبار دەکرد، تەواوی توندوتیژیەکانی نەجەف و کەربەلای خستووتە ئەستۆی دیمەشق، هەروەها سووریا عێراقی بە تەقینەوەکانی دیمەشق و حەلەب تاوانبار کردووە و رایگەیاندووە سەدام حوسێن خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەکانی کردووە و رێنمایی دەداتە گروپە تیرۆریستیەکان، ئەم بارودۆخە کەشێکی وای دروستکرد، رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانیان دروستکرد (تەقوش، ٢٠٢١: ٤٤٩) لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیاندا پەیوەندییەکانیان زیاتر ناخۆشتر دەبوو، بە جۆرێ لە ساڵی (١٩٧٦) لە هەر دوو وڵات چەندین کاری تێکدان و هەوڵی تیرۆرکردنی حافز ئەسەد و عەبدلحەلیم خەدام وەزیری دەرەوەی درا، لە هەمانکاتدا بۆمبێک لە فڕۆکەخانەی بەغدا تەقیەوە چەند کەسێک کوژران، ئەمەش بەردەوام یەکتریان پێ تۆمەتبار دەکرد، بۆیە ناکۆکی نێوانیان زیاتر تەشەنەیسەند (تەقوش، ٢٠٢١: ٤٤٨).

پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا لە دوای رێککەوتن نامەی جەزائیر هەر یەکەیان دەیانویست رۆڵی سەرکردایەتی هەرێمی لە ناوچەکە بگێڕن، بۆیە کۆمەڵێک بیانو و خاڵیان بە دەستەوە بوو، بۆ ئەم مەبەستە عێراق خۆی وەک سەرکردایەتی هەرێمی دەهێنایە پێش چاو، بە پشت بەستن بە بەهێزی ئابووریی و سەربازیی و حکومڕانی خۆی نیشان دەدا، هەروەها عێراقیش خۆی بە سەروەری عەرەب نیشاندەدا، ململانێیەکانی نێوانیان کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد دروستدەکرد (عقراوي، ٢٠٠٧: ٤٠٥ ؛ بینگیۆ، ٢٠١٣: ٢٤١)، هاوکات سووریا ش لە پێناو رێبەرایەتیکردنی هەرێمەکە کەوتە کێبرکێیەکی سەخت و دژوار لەگەڵ عێراق، هەرچەندە حکومەتی عێراق هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان لە ماوەی نێوان (حوزێرانی ١٩٧٦- ئاداری ١٩٧٧) کەمتر کردەوە، هیچ پەلامارێکی کاریگەر و ئەوتۆی بۆ

سەر بنکەکانی پێشمەرگە ئەنجام نەداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سووریا بەردەوام هەوڵیداوە گرووپەکانی عێراقی و کورد لە بەرەیەک کۆبکاتەوە، هەموو ئەمانەش گرژی زیاتری لە پەیوەندییەکانیان دروستکرد (مارکوس، ٢٠١٤: ١٠٣). هەرچەندە حافز ئەسەد بە هەموو پێوەرێک دژی کورد بوو، بەڵام بارودۆخی نێوان عێراق و سووریا وایلیکردبوو یارمەتی باشووری کوردستان بدات، تەنانەت مافی دامەزراندنی یانەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکیشان نەبوو، تەنانەت دان بەوەشدا نانێن، کە کورد بەشێکە لە نەتەوەی سووریا و پێکەوە دەژین و خەبات دەکەن و تاڵی و ناخۆشی دەچێژن لەم نێوەندەدا بەهۆی خراپی پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق کوردی باشوور و رۆژئاوا نەیانتوانیوە سوود لەیەکتری وەرگرن و کۆتایی بە ناکۆکی و لێکترازان و دوورکەوتنەوە بهێنن، بەڵکو لە سووریا ش رەگی دامەزراندنی چەندین پارتی تر هاتە ئاراوە، بەمەش دۆزی کوردی لە هەر دوو وڵات وەک خۆی هێشتەوە (مەحموود، حوزێرانی ١٩٨٣: ٥ ؛ شریف، ٢٠٠٧، ب ٢: ٣١- ٣٢).

پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا بەردەوام لە ناخۆشیدا بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی باڵی حزبی بەعسی سووریا و لەسەر ئاستی دەرەوەش یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ یەکێتی خۆشکرد، نزیکبوونەوەی باشتر لە نێوانیان هاتەکایەوە و دەرفەتیان بۆ رەخسا بۆ ئەوەی کودەتا بەسەر حکومەتی عێراق بکەن، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا دەزگا سەربازییەکانی عێراق ئاگاداری هەموو جۆرە جموجۆڵ و هەوڵێکی لەو بارەیەوە بوون (ئەسەسەرد، ٢٠١٦: ب٢: ٨٢٨ ؛ شێخمووس، ٢٠١٩: ٢٨٨)، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٧) سووریا پلانێکی سەربازیی عێراقی لە دژی خۆی ئاشکرا کرد، هەر دوو لا هێزی زۆریان لەسەر سنورەکان کۆکردەوە، ئەمەش ئاڵۆزی زیاتری لە پەیوەندییەکانیان دروستکرد، بۆ ئەم مەبەستە سووریا هاوکارییەکانی بۆ باشوور خێراتر کرد (ئەمین، لە کەناری...، ١٩٩٧: ٩٣ ؛ صاغیە، ٢٠١٣: ١٩٥)، بەهۆی ئەمەوە سووریا دەرگای وڵاتەکەی زیاتر بۆ هێزە سیاسییەکانی عێراق بە کورد و عەرەب خستەسەرپشت، هاوکارییەکان هەموو هێز و گرووپێکی سیاسیی دژ بە عێراقی گرتووتەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا وڵاتانی هەرێمی کەوتنە هاوکاریکردنی یەکتر بە مەبەستی لاوازکردن و پەراوێزخستنی بزووتنەوەی کورد و رێگەنەدان بە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشێکی تر، بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە دروستکردنی کێشە و ناکۆکی لە نێو پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد و بەرپاکردنی شەڕی نێوخۆ و پەرتەوازەکردنی هەوڵ و کۆششەکانیان (تەیب، ٢٠١٢: ٣٠٦)، بەوپێیەی سووریا پشتگیری هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد، بەمەش پارتی و یەکێتی و هێزەکانی تر پێکەوە دەیانتوانی سوود لەم ناکۆکیەی سووریا و عێراق وەرگرن، بەڵام نەک سوودیان لیوەرنەگرت بەڵکو ناکۆکی نێوانیان پێگەی هەمووانی لای سووریا لاوازکرد (شەریف، ٢٠٢١: ٢٦٧) لەم نێوەندەدا سووریا خێرا بوو لە بەکارهێنانی کارتی کوردی بۆ لێدانی بەغدا، هاوکات بەغداش بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ دیمەشقی بە پاڵپشتیکردنی چالاکی کورد تۆمەتبار دەکرد، ئەکرێت بڵێین ئەو دابڕانەی لە پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق بۆ بزووتنەوەی کوردی لە سەرێکەوە توانی سوود لە کۆمەک و هاوکارییە ماددی و سەربازییەکانی سووریا وەرگرێت، بەڵام لە سەرێکی ترەوە زیانی بۆ کورد هەبوو، چونکە بەهۆی ئەمەوە کوردی بە تەواوی لە حکومەتی عێراقی دوورخستەوە، تەنانەت ئاستی دانووستانەکانیش لەگەڵ کورد لەم قۆناغە کەمتر کردەوە، هیچ دەرگا و ئاسۆیەکی روون لە پەیوەندییەکانی نێوانیان نەمایەوە، بەڵکو حکومەتی عێراقی زیاتر لە جاران بەرامبەر بە کورد مگورتر کرد، لێکترازانێکی گەورە لە نێوان پارتەکانی باشوور و حکومەتی عێراقی بە دوای خۆی دروستکرد (بینگیۆ، ٢٠١٣: ٢٥٦)، ئەم بابەتەش کاریگەریی لەسەر سیاسەتی هەر دوو وڵات بەرامبەر بە دۆزی کورد هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی سووریا دەیویست دۆزی کورد بنێرێتە دەرەوەی سووریا ، بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوخۆی سەقامگیر بکات، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ عێراق و وڵاتانی ترش دروستدەکرد، هەرچەندە سووریا پرسی کوردی وەک کارتی فشار بەرامبەر بە وڵاتانی هەرێمی بەکارهێناوە، بەڵام لەو نێوەندەشدا کوردیش سوودی زۆری

لێبینیوە وەکو شوێنێک بۆ مانەوە و بۆ بەهێزکردنەوەی خۆیان لە ڕووی چەک و سەربازییەوە بە باشی سوودی بە کورد گەیاندووە (عەونی، ۲۰۱۱: ۲۷۷).

پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا دابرانێکی قووڵ و لێکدوورکەوتنەوەی زۆر لە نێوانیان دەبینرا، ئەمەش بەهۆی گرژییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق بوو، چونکە سووریا هاوکاریی پارتەکانی باشووری دەکرد، ئەمەش عێراقی زیاتر نیگەرانکردووە، بۆیە سووریا دەیویست پەیوەندیی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان ئاسایی بکاتەوە، چونکە گرژیەکی زۆر لە نێوان یەکێتی نیشتیمانیی و سەرکردایەتی کاتی پارتی هەبوو، هەرچەندە هاوکارییەکانی سووریا بۆ یەکێتی ڕێگەی بۆ شەڕی ناوخۆی هێنایە ئاراوە، بەڵام وەک دەبینین سووریا هەوڵی یەکگرتنەوەی یەکێتی و سەرکردایەتی کاتی پارتی داوە، ئەم هەوڵەی سووریا ش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە تاکو بەرەی دژە عێراقی بەهێز بکەن، هەموو ئەمانە وایانکرد سەرکردایەتی کاتی ئاڕاستەی سیاسیی خۆی بۆ سووریا بگۆڕێت، بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی باڵوێزخانەی سووریا لە لەندەن بە فەرمی داوای لە مەسعوود بارزانیی کردووە بۆ ئەوەی سەردانی سووریا بکات، دوای ئەمە بارزانیی لە (۱۹ی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۷) لە بەریتانیا بەرەو سووریا چوو، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵەی نیشتیمانیی عێراقی (التجمع الوطني العراقي) بەتایبەت لەگەڵ (باقر یاسین) کۆبووەوە، بەڵام نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، دواتر هەر لە دیمەشق (مەسعوود بارزانیی، جەلال تاڵەبانی) کۆبوونەتەوە، سەرئەنجام تێگەیشتنێکی باش لە نێوانیان بەرهەم هاتووە، بە جۆرێ لە (۱ی ئاداری ۱۹۷۷) ڕێککەوتنی مەیدانی(١٤) لە نێوانیان مۆرکرا (ئ. د. ئ. AN- ٥٧ ، الحزب الديمقراطي الكوردستاني..، ٢٦/ نيسان/ ١٩٧٧) هەرچەندە ئەم هەوڵەی دەسەڵاتدارانی سووریا بەمانای پەرۆشی بۆ یەک ڕیزی بزووتنەوەی کورد نایەت، بەڵکو کردنەوەی دەروازەیەکی بەهێز بوو بەرامبەر بە عێراق ڕێککەوتنی سێقۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبی بەعسی سووریا زیاتر بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بوو، سەرەڕای ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێککەوتوون، بەڵام بە کردەوە هیچیی لێ جێبەجێ نەکرا و وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، ئەمەش بووە هۆی گرژبوونی پەیوەندییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ (ئ. د. ئ. AN- ٥٧ ، الحزب الديمقراطي الكوردستاني..، ٢٦/ نيسان/ ١٩٧٧ ؛ بيان عن حزب..، ١/ ٣/ ١٩٧٧، وەرگیراوە لە ئەحمەد، ٢٠١١: ٦٨)، ئەکرێت بڵێین ئەم هەوڵەی سووریا بە یەکەمین هەوڵی هەرێمی دائەنرێت بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی هەرێمی بەردەوام بە دوای تێکدانی نێو ماڵی کوردیەوە بوون، بەڵام هەر کاتێک هەڕەشە و گوشاریان لەسەر هەبوایە ئامادەبوون هەموو هەنگاوێک بهاوێژن، بۆ ئەوەی مەترسیەکان لەسەر خۆ لاببەن، بەڵکو ئەمە هەرگیز بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد نەبووە، چونکە ئەوان هۆکاری یەکەمن بۆ دروستبوونی پەرتەوازەیی ناو ماڵی کوردیدا، سووریا لە دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لەگەڵ کورد پەنای بۆ باشکردن و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بردووە (تەیب، ٢٠١٢: ٢٨٠).

دوای ئەو هەموو گرژی و ناخۆشیەی نێوانیان پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا ، هەوڵ هەبوو بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی نێوانیان، بۆیە بەغدا و دیمەشق لە (کانوونی یەکەمی ۱۹۷۷) دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتی کرد، هاوکات ئەم گفتوگۆیانە کوردیشی گرتەوە، ئەوە بوو دیمەشق لە (۲۳ی تشرینی دووەمی ۱۹۷۷) داوای لە جەلال تاڵەبانی کرد کۆتایی بە چالاکییەکانی بهێنێت و بەشداری لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکات، بۆ ئەم مەبەستە عەلی عەسکەری (۱۹۳۵- ۱۹۷۸) بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و خودی سەدام حوسێن کۆبوویەوە، بەڵام لە قۆناغی یەکەمی گفتوگۆکانی ئاشتەوایی بە هیچ نەگەیشتن و پەیوەندیی نێوان بەغدا و دیمەشق بە پشێوی مانەوە، بەڵام کۆتاییان بە دانیشتن و گفتوگۆیەکان نەهێناوە، ئەکرێت بڵێین بەشداریکردنی یەکێتی پەیوەندیی بە نزیکی لەگەڵ سووریا هەبوو، لەهەمان کاتدا بە تەواوی کەوتبوویە ژێر کاریگەریی

سیاسەتەکانی حکومەتی سووریا ، هەر هەوڵێکی نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە دەبوایە بە ویستی سووریا ئەنجام درابایە (الخرسان، ٢٠٠١: ٣٦٦ ؛ بینگیۆ، ٢٠١٣: ٢٥٦)، ئەمە لە کاتێکدا هەر نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک زیانی بە دۆزی کورد دەگەیاند، بۆیە ئەم گفتوگۆیانە بۆ کورد شتێکی باش نەبوو، چونکە هەر نزیکبوونەوەیەک دۆزی کوردی لاواز دەکرد، لە هەمان کاتیشدا کورد ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکان نەکردووە، چونکە لە بری ئەوەی هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکانیان بدات، بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵیان بەشداربوو، بۆیە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی ئەو دوو وڵاتە بەردەوامیی هەبوو، بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بە تایبەت لەگەڵ سووریا لە ساڵی (١٩٧٨) نزیکبوونەوەیەکی خێرا لەگەڵ سووریا هاتە ئاراوە، ئەمەش بەهۆی دژایەتیکردنی ڕێککەوتنی کەمپ دێڤید لە (١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨)(١٥) عێراق و سووریا لەیەکتر نزیکبوونەوە، حکومەتی عێراق لە (١٨ی ئەیلوولی ١٩٧٨) سەبارەت بە ڕێکخستنەوە و بە لاوە نانی ناکۆکی نێوانیان بەیانێکی ئاڕاستەی سووریا کرد، لە بەرامبەر ئەمەدا سووریا ش ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ نیشاندا (هاشم، ٢٠٠٣: ٢٠٠)، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی بەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی بەردەمیان بوو، حافز ئەسەد لە (٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) گەیشتە بەغدا بۆ ئەوەی چاوی بە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن بکەوێت، ئەنجامەکەی بەڵێننامەیەکی هاوبەشی کاری نیشتیمانیی بوو بە ئامانجی هێنانەدی جۆرە یەکێتییەک لە نێوان عێراق و سووریا دا، هەروەها دروستکردنی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ ئامادەکردنی پرۆژەکە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە بە ئاشکرا هەوڵدانێکی دژ بە ئیسرائیلی و دۆزی کورد پێوە دیاربوو، لە هەمانکاتدا دوژمنداریەتی نێوان سووریا و عێراقی بەشێوەیەکی کاتی کەمکردەوە (د. ک. و، العدد ٣٩٤، ٢٦/ ١/ ١٩٧٨ ؛ صوت الاكراد، العدد (٥٧)، كانون الاول ١٩٧٨: ٢-٣)، هاوکات بە هاتنی سەرۆک کۆماری سووریا بۆ بەغدا ئەم هەوڵە زۆر بەرفراوانتر بوو، چونکە ئاسۆی سیاسیشی تێدابوو. هۆیە سەرەکییەکانیشی چەند خاڵێک بوون: یەک؛ دیمەشق دەیویست بۆریە نەوتیە وەستاوەکەی نێوانیان بەگەڕبخاتەوە، دوو؛ فشارێکی تازە بۆ سەر ئیسرائیل دروستبکات، سێ؛ زەمینەیەکی هاوبەش لەگەڵ عێراق بۆ پشتگیری ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی ئێران خۆشبکات، کە خەریکی تەقینەوە بوون. چوار؛ لەوکاتەدا سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات بە چوونی بۆ ئیسرائیل هاوسەنگی نێوان ئیسرائیل و سووریا ی تا ڕادەیەکی زۆر تێکدابوو، بۆیە ئەسەد دەیویست بەم هەنگاوە پەیوەندییەکانی خۆی ڕاستبکاتەوە، هەموو ئەم هەنگاوە ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی وایکرد پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا ئاسایی ببێتەوە، لەگەڵ خۆشیدا کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد دروستکرد، چونکە هەر کاتێک بارودۆخی ئەو دوو وڵاتە نزیک ببایەوە، کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد لە هەر دوو وڵات دروستدەکرد (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٣٨ ؛ سنجاري، ٢٠٠٩: ٢١٦ ؛ Daneels, ١٩٩٤: ١٠ -١١)، هاوکات ئەم نزیکبوونەوەی سووریا و عێراق هاوکاریی و پشتگیرییەکانی سووریا بۆ هێز و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کەمتربوویەوە، ئەمەش بە مەترسی بۆ سەر دۆزی کورد دادەنرا، چونکە هاوکارییەکانی سووریا بۆ کورد ڕاگیرابوو، بزووتنەوەی کورد لە باشوور بە تەنیا دەهێشتەوە (Burdett, ٦٠٠)، هەر لە دوای ئەم ڕێککەوتنە نزیکبوونەوەی زیاتر لە نێوان عێراق و سووریا هاتەکایەوە، بۆ ئەم مەبەستە حافز ئەسەد و ئەحمەد حەسەن بەکر گەڵاڵەنامەی نەتەوەی (ميثاق العمل القومي) لە نێوانیان واژوو کرا، ئەم ڕێککەوتنە پرۆژەی کۆنفدراڵی نێوان سووریا و عێراقی هێنایە کایەوە، بەمەش پەیوەندییەکانیان بەرەو قۆناغی ئاسایبوونەوە چوو، بۆ ئەم مەبەستە لێک نزیکبوونەکی باش لە نێوان عێراق و سووریا هاتە کایەوە، عێراق هاوکاری ماددی پێشکەشی سووریا کرد، هەروەها سنوورەکان کرانەوە، عێراق بڕێکی زۆری کاڵا و شمەکی لە سووریا کری جموجۆڵی ئابووریی نێوانیان دەستپێکردەوە، بە تایبەت هەناردەی نەوت لە بۆری کەرکووک- بانیاسەوە جارێکی تر خرایە کارەوە، کە پێشتر بەهۆی گرژییەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر وەستا بوو (د. ک. و، العدد ٣٩٤، ٢٥/ ١٠/ ١٩٧٨: ٨- ٩ ؛ کەریم، ٢٠١٣: ٢٠٥ ؛ خمیس، ٧٢- ٧٣ ؛ تەقوش، ٢٠٢١: ٤٥١)، دوای ئەمەش

سەدام حوسێن لە (٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨) سەردانی دیمەشقی کرد، بەڵام روانینێکی باش لە پەیوەندییەکان نەدەبینرا و پرۆژەکە بە جۆرێ بوو هەر دوو وڵات لەژێر سەرکردایەتی بەعسیدا بوون، بۆیە ئەحمەد حەسەن بەکر دەبووە سەرۆک کۆماری نوێ و حافز ئەسەدیش پۆستی جێگری سەرۆک وەربگرێت، ئەمەش بە هەموو پێوەرێک لە بەرژەوەندی کورد نابوو، چونکە حزبی بەعس لە هەر دوو وڵات دژی دۆزی کورد بوون، تەنانەت لە پەیڕەو پرۆگرامیان لەگەڵ هیچ جۆرە مافێک بۆ کورد نەبوون (فلیپس، ٢٠١٦: ١٠٠)، هەر لەگەڵ قۆناغی ئاسیبوونەوەی پەیوەندییەکانیان چەندین رێککەوتنی ترشی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ ئەم مەبەستە لە (٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨) لە دیمەشق سووریا و عێراق لە بواری هێورکردنەوەی بارودۆخی راگەیاندندا رێککەوتنێکی دوو قۆڵیان ئەنجامدا، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ خاوکردنەوەی کەشی سیاسیی نێوانیان دادەنرا (الوقائع العراقیة، العدد (٢٦٩٦)، ٥/ ١٢/ ١٩٧٨).

ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا هەرگیز بە خواست و دڵی سەدام حوسین نەبوو، لە راستیدا سەدام نەخشەی یەکلاکەرەوەی لە تێکدانی نزیکبوونەکە هەبوو، چونکە لەوە دەترسا ئەگەر یەکێتی نێوان سووریا و عێراق سەرکەوتوو ببێت ئەحمەد حەسەن بەکر تەنازول لە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ حافز ئەسەد بکات، ئەوسا پێگەی ئەویش لاواز دەبێت، ئەمەش جۆرە گرژیەک لە پەیوەندیی نێوان سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر دروستکرد، ناکۆکی نێوانیان لە بارەی تێروانیان بەرامبەر بە سووریا هاتە کایەوە، بەڵکو سەدام بە دوای هەلێک ئەکرا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم رێککەوتنە و تێکدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، هاوکات سووریا ش پارتە کوردییەکانی باشووری بە تەواوی فرامۆش نەکردبوو، چونکە متمانە و هیوای بە عێراق نەبوو، بەڵکو جۆرە پەیوەندییەکی ناراستەوخۆی لەگەڵ پارتە کوردییەکان هەر مابوو، نزیکبوونەوە و هاوپەیمانی بەستنی عێراق و سووریا ئەکرێت بڵێین بۆ دۆزی کورد بە گرنگی هەژمار ناکرێت، چونکە کاریگەریی خراپی لەسەر دۆزی کورد دروستدەبوو (تەقوش، ٢٠٢١: ٤٥١)، بەهۆی ئەم پێشهات و گۆڕانکارییانە لە ناوچەکە، هاوکات عێراق و تورکیاش رێککەوتنێکییان ئەنجامدا، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٧٨) بۆ شەڕکردن و گەمارۆدانی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا رێککەوتنێکی سیاسیی و سەربازییان مۆرکرد، بە گوێرەی رێککەوتنی نێوانیان هەر دوو لا بۆیان هەبوو بە قوڵایی (٣٠) کیلۆمەتر خاکی یەکتری بەکاربهێنن بۆ هەر پێشهات و رووداوێک، کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە دروستبکات، دەتوانین بڵێین ئەم رێککەوتنە زیاتر بە ئامانج گرتنی کورد بووە، بە تایبەت لە هەر دوو وڵاتدا چالاکی چەکداری کورد لە پەرەسەندن دابوو، لەم رێگەیەوە دەیانویست چالاکی کوردی لاواز بکەن یان مەترسییەکان لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی نەهێڵن (ئەحمەد، ٢٠١٨: ١٠٦)، هەرچیی لەسەر ئاستی پەیوەندییە سیاسییەکان بوو سووریا عێراقی ویستووە بۆ راستکردنەوەی لەنگەرەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و تورکیا، بەڵام عێراق سووریا ی ویستووە بۆ ڕاستکردنەوەی لەنگەرەکانی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی کەنداو. هەروەها سووریا عێراقی ویستووە بۆ یارمەتیدانی لە شەڕە دەرەکیەکاندا، بەڵام عێراق سووریا ی ویستووە بۆ یارمەتیدانی لە شەڕە ناوخۆییەکانی، هاوکات لە رووی ئابوورییەوە عێراق و سووریا جیاواز بوون بەجۆرێ ئابووریی عێراق بە بەراورد سووریا باشتر بوو، بەڵام دیمەشق هاوکاری جۆراوجۆری لە وڵاتانی کەنداو وەردەگرت (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٢٧).

پەیوەندییە هەرێمییەکان و پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا لە ساڵی (١٩٧٩) بەرەو قۆناغێکی جیاوازتر هەنگاوی هاویشتووە، ئەکرێت بڵێین لە ساڵی (١٩٧٩) چەندین رووداوی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی کورد و وڵاتانی هەرێمی رووبەرووی ناوچەکە بوونەتەوە، ئەم رووداوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و دۆزی کورد دروستکرد، چونکە گۆڕانکارییەکی زۆر لە پەیوەندییە هەرێمیەکانی هێنایە کایەوە، گۆڕانکارییەکانیش جۆراوجۆر بوون وەکو: یەک؛ سەبارەت بە کورد مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا کۆچیی دوایی کرد، کە کاریگەریی

بـۆ سـەر دۆزی کـورد و پەیوەندییەکانـی کـورد لەگـەڵ وڵاتانـی هەرێمـی هەبـوو. دوو؛ لـە ئێـران پشـێوی و ئاڵۆزیـی زۆر دروسـتبوو، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا رژێمـی محەمـەد رەزا شـا (١٩١٩- ١٩٧٩) کۆتاییهـات و سـەردەمی کۆمـاری هاتەکایـەوە. سـێ؛ لـە عێراقیـش سـەدام حوسـێن لـە (١٨ی تەممـوزی ١٩٧٩) کودەتایەکـی سـپی بەسـەر هاوڕێیەکانـی ئەنجامـدا و خـۆی گەیانـدە پۆسـتی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق، هەمـوو ئـەم رووداوانـە بـە سـەر یەکـەوە کاریگەریـی خراپیـان لەسـەر پەیوەندییەکانـی کـورد و وڵاتانـی هەرێمـی هەبـوو، هـاوکات جارێکـی تـر پەیوەندییەکانـی سـووریا و عێـراق لـە قۆناغـی ئاسایبوونەوە بـەرەو قۆناغـی گـرژی و ئاڵۆزیـی بـرد، ئەمـەش رەنگدانـەوەی لەسـەر دۆزی کـورد دروسـتکرد. بـە هاتنـی سـەدام ناکۆکییەکانـی نێـوان عێـراق و سـووریا زیاتـر پەرەیسـەند، چونکـە پێشـتریش یەکێـک لـە دەمارەکانـی ناکۆکـی عێـراق لەگـەڵ سـووریا بەهـۆی سـەدامەوە بـوو، ئەگـەر چییـی دیمەشـق ئـەو گۆڕانکارییـەی سـەرکردایەتی بەعسـی عێراقـی بـە هەنـد وەرنەگـرت، چونکـە بەهـۆی ئـەو گۆڕانکارییـەی ئێرانـەوە هاوپەیمانێکـی نوێـی بـۆ دروسـتدەبوو، بەمـەش سـووریا فشـارێکی تـازە بـۆ سـەر بەعسـیەکانی عێـراق دروسـت دەکات، لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـەم ناوچانـە هاتەئـاراوە، ئاسـۆیەکی بـاش بـۆ دۆزی کـورد دروسـتنەبوو، هەرچەنـدە لـەم ماوەیـەدا پرۆژەیەکـی نیشـتیمانیی(١٦) بـۆ کـورد باسـی لێوەئەکـرا، بـەڵام بەهـۆی پـەرش و بـڵاوی نـاو ماڵـی کـورد شـوێنی خـۆی نەگرتـووە (شـۆڕش، ٢٠٠٢: ٤٠ ؛ عەلـی، ٢٠١٨: ٤١٨).

سـەدام حوسـێن هـەر لـە سـەرەتایی دەسـت بەکاربوونیـەوە بیانـوی جۆراوجـۆری بـۆ تێکدانـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سـووریا خسـتەگەڕ، لـە یەکـەم هەنگاویشـدا پەیوەندییـە سیاسـییەکانی بـە تایبـەت هەمـوو رێککەوتنێکـی لەگـەڵ سـووریا هەڵوەشـاندەوە، بەمـەش پەیوەندییەکانیـان جارێکـی تـر بـەرەو ناخۆشـی و گـرژی چوویـەوە )إطلالة-عامة-علی-العلاقات-السـورية (https://www.aljazeera.net بۆیـە گروپێکـی لـە نـاو حزبـی بەعـس ئاشـکرا کـرد، کـە بـە یارمەتـی سـووریا پیلانیـان دژی عێـراق دانـاوە، بەمـەش هەڵێکـی بـاش کەوتـە دەسـت سـەدام بـۆ ئـەوەی لـە سـەرێکەوە پەیوەندیـی خـۆی لەگـەڵ سـووریا تێکبـدات و لـە سـەرێکی ترشـەوە گشـت نەیارانـی خـۆی لـە نـاو حـزب و حکومـەت دوور خاتـەوە (سـنجاري، ٢٠٠٩: ٢١٧ ؛ کەریـم، ٢٠١٣: ٢٠٦ ؛ تەقـوش، ٢٠٢١: ٤٥٢)، هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی سـەدام بـە دڵ و خواسـتی سـووریا نەبـوو، تەنانـەت دەمارگـرژی نێـوان سـەدام و ئەسـەد بـە هـۆکاری دوور کەوتنـەوەی ئـەو دوو وڵاتـە دائەنرێـت ، بەڵکـو سـووریا هـەر لـە دوای سـاڵی (١٩٧٥)ەوە بـە دوای تیرۆرکردنـی سـەدامەوە بـوون بـۆ ئـەوەی رێگـە لـە بـەردەم یەکێتـی نێـوان سـووریا و عێـراق خـۆش ببێـت، ئەمـەش سـەدامی زیاتـر توشـی نیگەرانیکـرد، لەسـەر بنچینـەی تاوانبارکـردن و شـایەتی هەندێـک بەعسـی، نـاوی (٦٦) کەسـی لـە پیلانـی کودەتـای سـووریا ئاشـکرا کـرد، لـە (٢٨ی تەممـوزی ١٩٧٩) هـەر هەموویـان دادگایکـران لـەو ژمارەیـەدا (٢٢) کەسـیان لـە سـێدارە دان، (٣٣) کەسـی تـرش خرانـە زیندانـەوە بـەو هۆیـەوە ژمارەیەکـی لـە سـێدارەدان و ژمارەیەکـی زۆریشـی دوورخسـتنەوە، بـە تایبـەت لـە سـێدارەدانی (٥) پێنـج لـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەرێمـی حزبـی بەعـس، بـەم شـێوەیە ئـەوەی گومانیـان لێئەکـرا لـە پرۆسـەی سیاسـیی دوورخرانـەوە (ئەندەرسـن، ستانسـفێلد، ٢٠٠٨: ١٠٤ ؛ کۆگلـن، ٢٠٠٩: ٢٥٠ ؛ نێروەیـی، ب١، ٢٠١٠: ٣٨)، هەرچەنـدە بەشـێوەیەکی فەرمـی نازانرێـت تـا چەنـد هەوڵـی کودەتـا هەبـووە، بـەڵام بـە پێـی دەزگا ئەمنییەکانـی عێـراق ئـەم کارە لەلایـەن سـووریا وە بـۆ ئەنجامدانـی کودەتـا بەسـەر حکومەتـی عێـراق رێکخـراوە، ئەمـەش دوای دەسـتگیرکردنی کەسایەتی محیەددیـن عەبدولحوسـەین ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، نـاو و وردەکاریـی تـەواوی پیلانەکـەی ئاشـکرا کـرد، لێـرەوە گـرژی و ناکۆکـی تونـد لـە نێـوان حافـز ئەسـەد و سـەدام حوسـێن دروسـتبوو، بەمـەش رەگێکـی قـوڵ و خراپـی لـە پەیوەندیـی نێـوان هـەر دوو وڵات دروسـتکرد، (عیسـا، ٢٠٠٤: ٧٣ ؛ مـار، ٢٠١٠: ٢٧٨)، رووداوەکـە لـە کاتێکدابـوو کـەوا تـازە بەکـر لـە دەسـەڵات دوورخرابوویـەوە و سـەدام دەسـەڵاتی وەرگـرت، ئایـا ئەکرێـت بڵێیـن لایەنگرانـی بەکـر دەسـتیان هەبووبێـت لـە رووداوەکـە یـان نـا ؟ بـەڵام بـە خوێندنـەوە بـۆ رووداوەکان پێدەچـوو سـەدام مەبەسـتی کۆتایهێنان

بە پرۆژەی یەکێتی نێوان عێراق و سووریا بوویێت، کە تا ئەوکاتیش لەژێر گفتوگۆدا بوو، بەشێک لە عێراقییەکان پشتگیریان دەکرد، هاوکات رۆژنامە و گۆڤار و ئۆرگانەکانی پارتی بەعسی عێراقی بە سەرکەوتنێکی گەورەییان هەژمار کردووە (مار، ٢٠١٠: ٢٨٩)، حافز ئەسەد بەشێوازێکی توند رەخنەی لەم کار و راگەیێنراوەی حکومەتی عێراق گرت و بۆ نیازپاکی خۆی حافز ئەسەد و حکومەتی سووریا عەبدولحەلیم خەدام (١٩٣٢- ٢٠٢٠) وەزیری دەرەوە و ئەلشەهابی سوپاسالاری سوپای سووریا یان ناردن بۆ پیرۆزباییکردن لە دەست بەکاربوونی سەدام، تەنانەت بێ ئاگایی خۆیان لەم کارە راگەیاندووە، داوایانکردووە کە کۆمیتەیەک لەلایەن کۆمکاری عەرەبی لێکۆلینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکات، بەڵام سەدام پێشوازیەکی شایستەی لێنەکردن، بەڵکو سەدام سووریا ی بە دەست هەبوون لە پلانگێری دژی عێراق تۆمەتبار کرد، بە تایبەت بۆ لە ناوبردنی یەکێتیخوازانی عێراق ئەوانەی خواستی یەکگرتنی عێراق و سورییان هەبوو، کە سەدام دژی ئەم هەنگاوی یەکگرتنە بوو، لەسەرووی هەمووشیانەوە هاوکارییەکانی سووریا بۆ کورد سەدامی زیاتر نیگەرانکرد، ئەکرێت بڵێین سەدام لەم کارەیدا دوو مەبەستی سەرەکیی هەبوو، یەک؛ بۆ جێگیرکردنی کورسی و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی ئۆپۆزسیۆنی لە ناوخۆی نەهێشت، دوو؛ لەسەر ئاستی دەرەوەش تێکدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا بوو، چونکە سەدام دژی هەموو هەوڵێکی گەیشتن لەگەڵ سووریا بوو، بۆیە لەم رێگەیەوە لە هەر دوو ئامانجەکانی سەرکەوتوو بوو (سنجاري، ٢٠٠٧: ١١٣- ١١٤ ؛ نێروەیی، ب١، ٢٠١٠: ٣٩ ؛ تەقوش، ٢٠٢١: ٣٥١).

هەوڵی کودەتا بەسەر سەدام پرۆژەی هاوبەشی نێوان عێراق و سووریا شی خستە مەترسیەوە، چونکە دوای هاتنی سەدام حوسێن بۆ سەر دەسەڵات ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و سووریا جارێکی تر دەستیپێکردەوە، بە تایبەت پێشتر لە ئەنجامی رێککەوتننامەی کامپ دێڤید پەیوەندییەکانیان ئاسایی ببوویەوە، بەڵام سەدام هەر لە سەرەتاوە درکی بەوە دەکرد، کە یەکگرتنی سووریا و عێراق دەسەڵاتەکەی لە ناو دەبات، سەدام پشتگیری پارتی بەعسی کۆکردەوە، کۆتایی پێ هێنا و بەمەش پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبوو(١٧)، سەدام بە تەواوی گفتوگۆی کۆتایی پێهێنا و بەو پاساوەی دەوڵەتی سووریا بەشدار بووە لە هەوڵدان بۆ کودەتا لە عێراق، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەر دوو وڵاتدا ئۆپۆزسیۆن هەبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری دانیشتنەکان نەبوون، جێگەی باسە دوورکەوتنەوە و نزیک بوونەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان عێراق و سووریا بەهۆی کوردەوە بوو، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەوەی دۆزی کورد کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە هەبووە (فلیپس، ٢٠١٦: ١٠٠)، دوای ئەوەی سووریا و عێراق لە بارەی پرۆژەیەکی هاوبەش نەگەیشتنە رێککەوتن، پەیوەندییەکانیان وەک جارانی لێهاتەوە دابڕان و دووریەک لە نێوانیان دروستبوو، دواجار سووریا خێرابوو لە بەکارهێنانی کارتی کورد بۆ لێدانی بەغدا، کۆمەکی سووریا بۆ کورد بە خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتی سووریا و عێراق زۆر زیاد دەبوو، دیمەشق پەناگە و کۆمەکی دارایی و سەربازی پێشکەشی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کرد، تاوەکو بچنەوە عێراق و چالاکی چەکداری خۆیان بەرامبەر بە عێراق زیاد بکەن (کوردی، ٢٠٢١: ٢٠٥)، هاوکات ئەم پەیوەندییانە لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش رەنگیدایەوە، بۆ ئەم مەبەستە سووریا نووسینگەی نوێنەرایەتی دیپلۆماتی کوردەکانی لە سووریا کردەوە، بۆ ئەوەی وەکو پەناگە و رێگای هاتوچۆی ئەوانی بۆ باشووری کوردستان ئاسان بکات، ئەکرێت بڵێین هەر کاتێک پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا بەرەو تێکچوون چووبایە، راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد لە هەر دوو وڵاتدا دروست دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا هەر دوو وڵات ئامادە نەبوون هەنگاوێکی بچووک بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە وڵاتەکانیان بهاوێژن، بەڵام لە پەیوەندییە دەرەکییەکان ئامادەبوون هاوکاری کوردی دەرەوەی وڵاتی خۆیان بکەن، ئەمەش لە پێناو فشار خستەسەر ئەو وڵاتەی کێشەیان لەگەڵدا هەبووە، جێگەی باسە پەیوەندیی نێوان حکومەتی عێراق و کوردی باشووری کوردستان وەکو خۆی مایەوە (وانلی، ٢٠٠٩: ٣٦ ؛ شالیان، ٢٠١٠: ١٥٠).

بە گۆڕانی تەرازووی هێزی سیاسیی لە ناوچەکە، گۆڕانکاریش لە پەیوەندییەکان ڕوویانداوە، بە تایبەتی دوای هاتنی سەدام حوسێن بۆ سەر دەسەڵات جارێکی تر پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق بەرەو تێکچوون چوویەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دۆزی کوردیش دروست دەبوو، دەرفەتێکی لە بار بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە گشتیی و پارتە کوردییە بەرهەڵستەکانی باشووری کوردستان رەخساند، کە پەرە بە توانا سەربازییەکانیان بدەن لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشە بکەن، هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەڵوێستی بەرامبەر بە سووریا لەرووی دیپلۆماسیەوە گۆڕانی بە سەر هات، بە تایبەتی دوای ئەوە دێت ئیدریس بارزانیی لە ساڵی (١٩٧٩) سەردانی دیمەشق دەکات و مۆڵەتی کردنەوەی نووسینگەی لە سووریا وەرگرت، ئەمەش وەک کرانەوەی سووریا بوو بە ڕووی پارتی و چەند هۆکارێک لە پشت ئەم کرانەوەیە بوو، لە گرنگترینیان تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا بوو، بۆ ئەم مەبەستە سووریا دەیویست سوود لە نەیارەکانی عێراق وەرگرێت بۆ لاوازکردنی ئەو دەوڵەتە. لە هەمانکاتدا پارتیش ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ سووریا چاکبکات و لە ڕووی ماددی و سەربازییەوە سوودی لێ ببینێت، هەرچەندە هاوکارییەکان زیاتر یەکێتی دەگرتەوە نەوەک پارتی، بەڵام دواتر ئەوانیش توانیان سوود لەو هاوکاریانە وەرگرن (Iraqi Note No ١٨٤٠٢/٩/١١/٢, ٦ May ١٩٧٦ ؛ کەریم، ٢٠١٣: ٢٣٧)، بۆیە بە کردنەوەی نووسینگەی پارتی لە سووریا ، هاوکات حافز ئەسەد نوێنەری پارتی و یەکێتی کۆکردەوە، کە لە چالاکیەکاندا رەچاوی ئەوە بکەن و هاوکار بن لە دژی بەغدا هەردوو پارتەکە ڕیگەیان پێدرا کە نووسینگەی خۆیان لە قامیشلی بکەنەوە، ئاستی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی سووریا بەرەو پێشچوونی باشی بە خۆوە بینیوە، ئەمەش لە ئەنجامی گرژبوونی پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا بوو (فلیپس، ٢٠١٦: ١٥٩) ئەمە لە کاتێکدا گفتوگۆی نێوانیان هەم لە باشوور و هەم لە سووریا ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستە بەعسیە عێراقییەکانی سووریا ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد، شاندێکی حزبی بەعس لە (١٧ی ئایاری ١٩٧٩) سەردانی باشووری کوردستانیان کرد، کە لە ئەندامانی حزبی بەعسی باڵی سووریا و عێراق پێکهاتبوون گفتوگۆیان لە بارەی دۆزی کورد ئەنجامدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لە بارەی دۆزی کورد هیچ پێشکەوتنێک لە نێوانیان نەبینرا، بەڵام تێڕوانیان بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی وەک خۆی مایەوە (تەیب، ٢٠١٢: ٢٧٩).

پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق زیاتر بەرەو گرژی و تێکچوون چوو، ناکۆکییەکانیان لەسەر کۆمەڵێک شت بوون لەوانەش: ناکۆکی ئایدیۆلۆژیی لە نێوان هەر دوو باڵی حزبی بەعسی سووریا و عێراق، ناکۆکی لەسەر ئاوی فورات، ناکۆکی لەسەر سەرکردایەتی جیهانیی عەرەبی، ناکۆکی زۆر توندوتیژ لە نێوان کەسایەتی سەدام و ئەسەد، ناکۆکی لەسەر ژمارەیەک لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سووریا چووبوونە عێراق وەک پەنابەر لە قیادەی قەومی بەشداربوون لە دژی سووریا ، ناکۆکیەکانیان لەسەر پرسی فەلەستین و ڕیککەوتن نامەی جەزائیریش قۆڵتربوویەوە و بۆ چوونی جیاواز لە نێوانیاندا هەبوو، لە ئەنجامی هەموو ئەو جیاوازییانە بەردەوام پەیوەندییەکانیان لە تێکچوون و ئاڵۆزیدابوو، بۆیە سووریا لە ڕوانگەی سیاسەتی پڕاگماتیکی خۆیانەوە ئامادەبوون هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردی بدەن (عومەر، ٢٠٠٢: ١٨٧)، ئەگەرچیی عێراق و سووریا لەرووی سیاسییەوە پەیوەندییەکانیان بەرەو ناخۆشی چوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەردەوام گفتوگۆی جۆراوجۆر لە نێوانیان دەبینرا، بە تایبەتی لە (٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩) دوای چەند دانیشتن و گفتوگۆیەک لە بەغدا و دیمەشق، سەرئەنجام هەر دوو لا ڕێککەوتنی بازرگانیی و ئابوورییان مۆرکرد، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوبەشی بە یەکەوە کار بکەن و بەشێک لە روسوماتی نێوانیان کەم بکرێتەوە (الوقائع العراقية، العدد (٢٧٠١)، ٨ كانون الثاني ١٩٧٩: ٢٩١- ٢٩٢)، پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق لە

باری ئاسایی و نائاسایی بە بەردەوامیی کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد درووست کردووە، بەهۆی ئەمەوە دۆزی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان پێشکەوتنی بە خۆوە نەبینیوە، بەڵکو دۆزەکەیان وەک خۆی هێشتووتەوە، ئەمە لە کاتێکدا دۆزی کوردیش لەم قۆناغەدا نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان بگونجێنێت، بەڵکو زیاتر خزمەتی بە سیاسەتەکانی ئەوان کردووە.

# ئەنجام

## لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانە:

ماوەی توێژینەوە، بە ماوەیەکی گرنگ بۆ دۆزی کورد دائەنرێت ، چونکە سەرەتایی دەستپێکردنی قۆناغی تازە بۆ کورد هەژمار ئەکرێت، بە تایبەت فرە چەشنبوونی خەباتی سیاسیی کورد لە پارتێکەوە گۆڕا بۆ چەندین پارتی سیاسیی تر، ئەمەش لەلایەکەوە بە قۆناغێکی نوێ و تازە بۆ دۆزی کورد دائەنرێت ، لە لایەکی ترەوە نێو ماڵی کورد پەرش و بڵاو کردووە، بۆیە چەندین لێکترازان و ناکۆکی جۆراوجۆر لە ناو بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان روویداوە هەمووشیان کاریگەریی زۆرییان لەسەر دۆزی کورد هەبووە.

رێککەوتننامەی جەزائیر پەیوەندییە هەرێمییەکانی لە سەرێکەوە بۆ وڵاتانی (عێراق، تورکیا، ئێران) رێکخستووەتەوە و هەماهەنگی جۆراوجۆرییان لە نێوان دەبینرا، بەڵام لە سەرێکی ترەوە پەیوەندیی نێوان عێراق و سووریا ی بە تەواوی تێکداوە، ئەم دۆخەش کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد درووست کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سێ وڵات تەواوی هاوکارییەکانیان بۆ کورد وەستاندووە، بەڵام لەبەرامبەردا سووریا دەرگای سیاسیی و چەکداری بە رووی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە تەواوی کردووتەوە، ئەمەش کورد سوودێکی زۆری لە دووبارە هەستانەوەی شۆڕشی نوێ بینیوە.

لەم ماوەیەدا دۆز و خەباتی سیاسیی کورد وەکو پێویست نەیتوانیوە سوود لە ململانێی هەرێمی و بە تایبەت ململانێی عێراق و سووریا وەرگرێت، بەڵکو زیاتر بە شەڕی ناوخۆی و لێکترازانەوە خەریکبوونە، ئەمەش زیاتر سوودی بە وڵاتانی دەوروبەر بەخشیوە، نەک دۆزی کورد، بەڵکو وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە نێو خۆیاندا کوردیان وەکو کارتێکی فشار بەرامبەر بە یەکتری بەکارهێناوە، ئەمە لە کاتێکدا کورد هەرگیز کارتێکی فشاری بەهێز و لاوازی بەرامبەر بە وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی نەبووە، بۆیە هەمیشە کوردیان بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی خۆیان لە ناوچەکە بەکارهێناوە.

## پەراوێز

() پرۆسەی ئاوارەیی کورد لە باشوور بە سێ قۆناغی جیاواز ئەنجام درابوو. یەکەم: هێزی بنەرەتی و گەورە پەنایان بردە بەر ئێران و بوون بە پەنابەر و بەو هیوایەی، کە جارێکیتر رێزەکانیان رێک بخەنەوە و لە بارودۆخێکی گونجاودا شۆڕش دەستپێبکەنەوە. دووەم: بەهۆی لێبوردنەوە بەشێکی تر چەکەکانیان رادەست بە حکومەتی عێراقی کردەوە و وەکو دیل بۆ باشووری عێراق دوورخرانەوە. سێیەم: بەشێکی ترش روویان لە سووریا و وڵاتانی رۆژئاوای کرد، لە هەوڵی بەردەوام دابوون بۆ دروستکردنی رێکخستنی سیاسیی و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش (حبیب، ٢٠٠٥: ٣٨٧).

(٢) لە بارەی بەرواری دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لەلایەن دەستەی دامەزرێنەران و ئەندام و نووسەران بیروڕای جیاواز بەدی ئەکرێت، بە جۆرێ یەکەمین بەیانی دامەزراندنی لە (٢٢ی مایسی ١٩٧٥) لە دیمەشق راگەیندرا، بەڵام دوای چوونی ئەندامانی یەکێتی بۆ ئەورووپا دەستکاری بەیاننامەی یەکێتی ئەکرێت

و بەشێک لە بەندەکانی هەموار ئەکرێتەوە لە (١ی حوزێرانی ١٩٧٥) بۆ جاری دووەم بەیاننامەی یەکێتی بلاو دەبێتەوە، بەمەش مشتومڕی لەلایەن ئەندامانی ئەو پارتە لە بارەی ڕێکەوتی دامەزراندنیەوە دەخرێتەروو، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەیاننامەی یەکەمی یەکێتیی بڕوانە؛ یەکەمین بەیاننامەی یەکێتیی...، ١/ ٦/ ١٩٧٥، وەرگیراوە لە: چەند لاپەرەیەک..، ٢٠٠٥، ١١٩- ١٢٦).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پارتی سۆسیالیستی کوردستان بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩).

(٤) سەرکردایەتی کاتی- پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن مەسعوود بارزانیی، ئیدریس بارزانیی، سامی عەبدولرحمان، جەوهەر نامیق سالم، عارف تەیفوور، کەریم سنجاری، محەمەد ڕەزا، ئازاد خەفاف، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، وریا سەعاتی، فازڵ میرانی، عەبدولرەحمان پێداوی لە (١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥) هاتە دامەزراندن، سەرکردایەتی کاتی بەردەوام بوون تاکو کۆچیی دوایکردنی مەلا مستەفا بارزانیی دوای ئەوە کۆنگرەی پارتی لە ساڵی (١٩٧٩) ئەنجامدرا و سەرکردایەتی نوێ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرایەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد، ١٩٩٨: ١٤٧- ١٤٨ ؛ قادر، ٢٠٠٧: ٧١- ٧٢ ؛ ماکداوڵ، ٢٠١٩: ٥٣٦).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکانی ناوخۆی کورد بڕوانە: ڕەشید، ٢٠٢٠: ١٦٨ بە دواوە).

(٦) عەدنان موفتی لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایکبووە، بەکالۆریۆسی لە ژمێریاری تەواو کردووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٦٣) پەیوەندیی بە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە شۆڕشی ئەیلوول ئەندامی بەشی دارای شۆڕش بووە، دواتر بووتە سەرۆکی چاودێری دارایی، لە دوای دامەزراندنی یەکێتی بوویتە ئەندامی ئەو پارتە. هەروەها لە ساڵی (١٩٧٩) پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان دروست دەکەن، دەبێتە بەرپرسی پەیوەندیی سووریا و لبنان و ئەورووپا ئەو پارتە. لە ساڵی (١٩٩١) ئەندامی لێژنەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بووە، دوای گەڕانەوەی بۆ ناو یەکێتی لە ساڵی (١٩٩٧ تاکو ١٩٩٩) دەبێتە نوێنەری یەکێتی لە میسر. لە ساڵی (١٩٩٩) دەگەڕێتەوە کوردستان و چەندین پۆستی وەکو وەزیری شارەوانی، وەزیری دارای و ئابووریی، جێگری سەرۆکی حکومەت لە ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە، لە ڕووداوی (١ی شوباتی ٢٠٠٥) بریندار دەبێت، لە ساڵی (٢٠٠٥) دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، هەولێر).

(٧) سەلاح بەدرەدین لە (١١ی ئاداری ١٩٤٥) لە گوندی نعمتلی سەر بە قامیشلۆ لە دایکبووە، هەر لە منداڵیەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا کردووە، هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی چەپی کورد لە سووریا بووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٦٩) دەبێتە سکرتێری پارتی، دوای گۆڕینی ناوی ئەو پارتە بۆ پارتی گەلی کورد دەبێتە ئەمینداری گشتیی ، هاوکات لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٧٨) لە لوبنان بنکەی ڕۆشنبیری کاوە دادەمەزرێنێت، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەبووە، لە ساڵی (٢٠٠٣) دەست لە کاری سیاسیی بەردەدا، خاوەنی چەندین پەرتوک و بڵاوکراوەی تایبەت بە سووریا یە (چاوپێکەوتن لە ڕێگای زوومەوە لەگەڵ سەلاح بەدرەدین، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢).

(٨) عەلی محەمەد سالح شەمدین لە ساڵی (١٩٥٨) لە شاری قامیشلۆ لە دایکبوو، قۆناغەکانی خوێندن لە سووریا تەواو کردووە، نابراو لە ساڵی (١٩٨٠) کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کشتوکاڵ لە زانکۆی حەلەب تەواو کردووە، هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد و نوێنەری هەرێمی کوردستان لەو پارتەدا بووە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و خاوەنی چەندین کتێبی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان و چەندین کتێبیی وەرگێراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەمدین، ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، سلێمانی).

(٩) عومەر شێخمووس لە ساڵی (١٩٤٢) لە شارۆچکەی عامودای ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، بنەماڵەکەیان ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی سووریا و ناوچەکە بینیوە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٦٧) لە سوێد

نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی (١٩٧٣) بڕوانامەی دکتۆرای بە دەستهێناوە و دەبێتە مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانکۆی ستۆکۆڵم، لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە (١٩٧٥) ڕۆڵێکی گرنگی وەکو دەستەی دامەزرێنەری بینیوە، لە ساڵی (١٩٧٦) دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی و لە ساڵی (١٩٧٨) دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان وەکو پێشمەرگە و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە ناوچەی ناوزەنگ نیشتەجێ دەبێت، لەو ماوەیەدا چەندین بەرپرسیاریەتی تر وەرگرتووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٨٥) گەڕایەوە سوێد و وازی لە هەموو کارێکی سیاسیی هێناوە (چاوپێکەوتن لە ڕێگەی زوومەوە لەگەڵ عومەر شێخمووس، ٢٥ی ئابی ٢٠٢١).

(١٠) پارتەکانی کوردی سووریا لە ڕێگەی سیاسەتەکانیەوە بەردەوام دووچاری پەرتەوازەیی و دابەشبوون دەهاتنەوە، هۆکارەکانی ئەو لاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵیەک لەسەر کوتکردنی حکومەت بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی بزاڤی سیاسیی بە کۆمەڵ و سەرکەوتنی دەزگاکانی ئاسایش لە دزەکردن بۆ ناو چەندین پارت و لایەن، ئەکرێت بڵێین حکومەتی سووریا جگە لە پەرتکردنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی، لە هەمانکاتدا کەسە سیخورییەکانی خۆی دەخستە ناویان بۆ ئەوەی ئاگاداری تەواوی جوڵەی سیاسییان بن، ئەمەش وایکردووە جۆرە نا هاوسەنگیەک لە خەباتی سیاسیی کورد لە سووریا و عێراق دروست بکات، بەجۆرێ کوردانی باشوور پەنایان بردووتە بەر پرۆسەی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە بەرامبەر ئەمەدا هیچ جۆرە چالاکی و پەرچەکردارێک لەلایەن کوردانی سووریا بەرامبەر بە حکومەتی سووریا نابینرێت، بەو جۆرە خەباتی سیاسیی لە هەر دوو وڵات فۆرمێکی وەرگرتووە (ئەرگۆشی، ٢٠١٢: ٣٦).

(١١) خەباتی کوردی سووریا دابەشی سەر سێ ستونی جیاواز بوون: یەکەم چەپ: لە پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سووریا ، کەوا لە کۆنگرەی (٥ی ئابی ١٩٥٦) دامەزرا، لە ساڵی (١٩٨٠) ناوەکەی گۆڕا بۆ یەکێتی گەلی کورد لە سووریا ، سەرەتا کەسایەتی عوسمان سەبری و دواتریش سەلاح بەدرەدین سەرۆکی بوو. دووەم: ڕاست: ئەو پارتە بەناوی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا لە ساڵی (١٩٧٧) وشەی پێشکەوتنخوازی بۆ ناوەکەی زیاد کرد، ناوەکەی بووە پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریا ، ئەم پارتە خۆی بە درێژکراوەی سرووشتی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا دادەنێت. سێیەم: بێلایەن: پارتی دیموکراتی کوردی سووریا (ئەلپارتی) سەرەتایی دامەزراندنی دەکەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٠) و ناکۆکی نێوانیان وایکرد لە ساڵی (١٩٧٢) لە ناوچەی داودییە لە بامەڕنێ باشووری کوردستان کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی ببەست، ئەم پارتە دواتر دابەشی سەر چەندین کۆمەڵە و باڵ و پارتی تر بوونەوە (شەمدین، ٢٠١٨: ٩٩).

(١٢) لە بارەی دەستبەسەرگرتنەکەی، عەدنان موفتی دەڵێت: بۆ خۆشم نەمزانی لەسەر چییی گیرام، دەزگای موخابەراتی سووریا هەندێک پرسیار و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم گووتیان بۆچییی لە یەکێتی جیاواز بوونەوە و هەندێک شتی تریان پرسی دواتر ئازادیان کردم، هاوکات جارێکی ترش لە ساڵی (١٩٨٧) لە ئەورووپا دەگەڕامەوە بۆ سووریا هەر لە فڕۆکەخانەی سووریا بۆ ماوەی یەک ڕۆژ گیرام، بەڵام ئەو پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو، بەڵکو پاسەپۆرتم پێ نەبوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، هەولێر).

(١٣) ئەم بەرەیە لە ساڵی (١٩٧٣) لە سووریا هاتە دامەزراندن، هەرچەندە سووریا و عێراق هەر دوو لەژێر دەسەڵاتی حزبی بەعس دابوون، بەڵام هەر لە سەرەتاوە چەندین ناکۆکی و ئایدیۆلۆژیی جیاوازیان لە نێوان دروستبوو، سەرئەنجام گرووپە نارازییەکانی عێراق ڕوویان لە سووریا کرد و بەرەی توع دامەزراند، ئەندامەکانیان بریتی بوون لە: حزب البعث العربی الاشتراکی- قیادە قطر العراق، الحرکە العربیە الاشتراکیە، الحزب الشیوعی العراقی(القیادە المرکزیە)، الحزب الاشتراکی، بارەگای سەرەکیی لە (الجسر الابیض) لە دیمەشق بوو، سەرەتا هیچ پارت و ڕێکخراوێکی کوردی بەشداریان تێدا نەکرد، چونکە تێڕوانینیان دەربارەی دۆزی کورد جیاوازی پێوە دیاربوو،

دوای دامەزراندنی یەکێتی لە سووریا ئەم بەرەیە پەیرەو پرۆگرامی خۆی دەستکاری کرد و بەشێوەیەکی فەرمی یەکێتی بووە ئەندام لەو بەرەیەدا، بەرەی توع بەڵێنیدا هاوکاری یەکێتی بکات، چونکە هەموویان ئامانجیان رووخاندنی رژێمی عێراق بوو، بۆیە ئەمە بووە پێوەری کۆکردنەوەیان لەژێر یەک چەتردا (ئەمین، لە کەناری..، ١٩٩٧: ٦٥- ٦٦)

(١٤) ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە چەند خاڵێکی لەخۆ گرتبوو لەوانە:

هەموو ئەوانی هاتوونەتە ناو شۆڕش و چەکیان هەڵگرتووە دژی رژێمی عێراق بێ گوێدانە پابەندی حزبی، بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و پڕ چەک بکرێن، یەکێتی بە چەک یارمەتی پارتی بدات و ئەوانیش بەو پارە زۆرەی، کە لە شۆڕشی کوردستان لایانبوو یارمەتی یەکێتی بدەن.

دانانی لێژنەیەکی هەماهەنگی مەیدانی، کە لە نوێنەری هەرسێ لایەنەکە پێکهاتبێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە کیانێکی برایانە و خەباتگێرانە.

لێژنەیەکی تری هەماهەنگی پێویستە بۆ ئەو دەروازانەی، کە چەک و تەقەمەنی پێدا دەگوێزرێتەوە بۆ ناو خاکی نیشتیمان و کرینی چەکی پێشکەوتوو، لە رێگەی کۆکردنەوەی هاوکارییەوە.

وەستانی شەڕی راگەیاندن و پروپاکەندە دژی یەکتری.

پێویستە هەر سێ لایەن ئاگاداری سەرکردایەتی و دەزگای بەرپرسیاری خۆیان بکەنەوە لە ناوەڕۆکی ئەم رێککەوتن نامەیە، ناچاریان بکەن، کە پابەندی خاڵەکانی بن، تواناکان بخرێتە گەر بۆ ئەوەی ئەم رێککەوتننە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە (بیان عن حزب..، ١/ ٣/ ١٩٧٧، وەرگیراوە لە ئەحمەد، ٢٠١١: ٦٨ ؛ الخرصان، ٢٠٠١: ٣٥٧ ؛ سنجاري، ٢٠٠٩: ١٤٩ ؛ حەمەد، ٢٠١٩: ٦٧ ؛ شەریف، ٢٠٢١: ١٤٤).

(١٥) رێککەوتنامەی کەمپ دێڤید لە (١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨) لە نێوان میسر و ئیسرائیل بەسترا، بە ئاگاداری و چاودێری جیمی کارتەر سەرۆکی ئەمریکا لە بارەگای هاوینەی سەرۆکی ئەمریکا لە کامپ دێڤید هاتەکایەوە، ئەم رێککەوتنە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکدەهات، بەشی یەکەمیان بەناوی (پەیمانی ئاشتی) لە نێوان میسر و ئیسرائیل بوو. بەشی دووەمیش لە چوارچێوەی ئاشتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەم رێککەوتنە کاریگەری زۆری لەسەر سووریا و عێراق دروستکرد، چونکە بەهۆی ئەمەوە هەر دوو وڵات بۆ ماوەیەک لە یەک نزیکبوونەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: غریش و ڤیدال، ٢٠١٠: ٣٦٧).

(١٦) هەر لەو ماوەیەدا لە ساڵی (١٩٧٩) پرۆژەیەکی هاوبەشی کوردی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان هاتەکایەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە باشوور مام جەلال، لە باکوور کەمال بەرقا، لە رۆژهەڵات قاسملۆ، لە رۆژئاوا حەمید دەرویش هەروەها حزبی شیوعی عێراقی و سوری بەشدار بوون، بەڵام بەشێک لە پارتی تر بەشدارییان نەکردووە، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای چەند کۆبوونەوەیەک سەرئەنجام کۆمیتەی هەماهەنگی کوردستانی لە نێوانیان دروستبوو، هاوکات ئامانجیشیان دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەی کورد بوو، بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران قاسملۆ هەڵوێستی گۆڕانی بەسەر هات و بەرەکە هەڵوەشایەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەمدین، ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، سلێمانی).

(١٧) چەند مانگێک بۆ گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی سووریا و عێراق ئەنجامدرا بۆ یەکخستن و یەکگرتنەوەی حزب و سوپا و دەوڵەت، نوێنەرانی هەر دوو وڵات چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەییان لە نێوان ئەنجامدا هەم لە دیمەشق و هەمیش لە بەغدا، تەنانەت سەرۆکی هەر دوو دەوڵەت بەشدارییان تێدا کرد، لە دانیشتنەکانیان لەسەر چۆنیەتی یەکگرتنەوەی سوپا و دامودەزگاکانی سەربازی و دەوڵەت رێککەوتن، بەڵام لەسەر هەندێک بابەتی تر رێک نەکەوتن و کێشەیان لە نێواندا هەبوو، لەوانەش یەکەم: جۆری پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی دەوڵەتی

یەکگرتوو، بۆ ئەم مەبەستە سووریا پێوابوو دوو سەرۆک کۆمار هەبێت یەکیان هی سووریا و ئەوەی تریان هی عێراق، بەڵام عێراقییەکان پێیانوابوو دەبێت سێ کەس بن دوو عێراقی و یەک سوری، بەڵام سورییەکان ئەوەییان رەتکردەوە، سورییەکان لەگەڵ تێگەڵکردنی یەک بودجە و درامەتەکانی ئابووریی بوون، بەڵام عێراقییەکان لەگەڵی نەبوون، بەڵکو عێراقییەکان پێیان باشبوو دەوڵەتی یەکگرتوو بودجەیەکی هاوبەشی هەبێت، بەڵام هەر دەوڵەتە بودجەی جیاوازی خۆی هەبێت، گفتوگۆکان بەردەوام بوو تاکو بەکر کشایەوە و سەدام جێگەی گرتەوە بەڵام سووریا گفتوگۆکانی بری بە بیانوی ئەوەی سووریا بەشدار بووە لەو پیلانەی، کە بۆ لابردنی ئەو کراوە، ئەوە بوو هەولەکان یەکێتی تێکچوون و سەری نەگرت، زەمینەی ئاشتی گۆرا بە دوژمنایەتیکی لە جاران توندوتیژ تر بوو (ئەمین، پەنچەکان..، ١٩٩٧: ١٢٤ ؛ نێروەیی، ب١، ٢٠١٠: ٣٠- ٣١).

# لیستی سەرچاوە


## یەکەم: بەڵگەنامە بڵاو نەکراوەکان.

### بە زمانی عەرەبی:

دار الكتب و الوثائق الوطنية، وكالة الانباء العراقية، قسم المعلومات، العراق، واع، العدد (٣٩٤)، العراق، ٢٥/ ١٠/ ١٩٧٨.

دار الكتب و الوثائق الوطنية، وكالة الانباء العراقية، قسم المعلومات، الجبهة الشرقية، العدد (٣٩٤)، العراق، ٢٦/ ١/ ١٩٧٨.

ئینسکلۆپیدیای پارتی (ئ. د. ئ)، AN- ٥٧ ، الحزب الديمقراطي الكوردستاني- القيادة المؤقتة، نشري داخلية سرية، ٢٦/ نيسان/ ١٩٧٧.

### بە زمانی ئینگلیزی:

Iraqi Note No ١٨٤٠٢/٩/١١/٢, Canadian Embassy Tranelation, ٦ May١٩٧٦.

دووەم: توێژینەوە ئەکادیمیەکان:

عەبدوڵڵا، سەلام عەبدولکەریم، (٢٠٠٩) حزبی سۆسیالیستی کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

### سێیەم: چاوپێکەوتن:

چاوپێککەوتن لە رێگەی زوومەوە لەگەڵ سەلاح بەدرەدین، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ئەلمانیا

چاوپێکەوتن لە رێگەی زوومەوە لەگەڵ عومەر شێخمووس، ٢٥ی ئابی ٢٠٢١

چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، هەولێر

چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەمدین، ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، سلێمانی

### چوارەم: کتێبی بەڵگەنامەیی:

بەرزنجی، یوسف محەمەد، (٢٠١٧) یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٧٥- ١٩٨٣، کتێبی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

نێروەیی، عەلی تەتەر، (٢٠١٠) سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی یەکەم، چاپخانا زانکۆیا دهۆک، دهۆک.

نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگدا ١٩٧٥- ١٩٨٠، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووک.

هێرش، شاژین، (٢٠٠٣) بەڵگەنامە- پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویید ١٩٥٨-١٩٦٣، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی ژێر.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (٢٠١١) سەرەتای کاروانەکە باری دوێنێی خەباتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگدا ١٩٧٥- ١٩٨٠، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووک.

## پێنجەم: بیرەوەری

## أ: بە زمانی کوردی:

جەلال، مام- (٢٠١٩) دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی: سەلاح رەشید، بەشی دووەم، چاپی چوارەم، لە بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.

شریف، عبدالستار تاهیر، (٢٠٠٧) ململانێ لەگەڵ ژیاندا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.

شێخمووس، عومەر، (٢٠١٩) کوردایەتی و ئایندەخوازی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

قادر، محەمەد مەلا، (٢٠٠٧) خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی کلتوری بارزانیی، چاپی دووەم، هەولێر.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (٢٠١٨) پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هومەر شێخمووس، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (١٩٩٧) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەنی ئاوەدانی کوردستان.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (١٩٩٧) لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەنی ئاوەدانی کوردستان.

ب: بە زمانی عەرەبی:

سنجاري، علي، (٢٠١٥) صفحات من نبع ذاكراتي في الحزب الديمقراطي الكردستاني، مطبعة خاني، دهوك.

هاشم، جواد، (٢٠٠٣) مذكرات وزير عراقي مع البكر و صدام ذكريات في سياسة العراقية ١٩٦٧- ٢٠٠٠، دار الساقي، بيروت.

هڤيركى، جميل حاجو، (٢٠١٢) مذكرات جميل حاجو هڤيركى، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

## شەشەم: کتێبەکان

أ: بە زمانی کوردی:

بینگیۆ، ئۆفرا، (٢٠١٣) کوردی عێراق- بنیاتنانی دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا، وەرگێرانی: سۆران مستەفا کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، (٢٠١٢) بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١ – ١٩٨٠/١١/٢٨)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

جەلال، برایم، (٢٠١١) چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی سییەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

چەند لاپەرەیەک لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (٢٠٠٥) کۆمەڵێک گوتار و چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، سلێمانی.

جەلال، کاوە تەیب، (٢٠١٧) کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان ١٩٧٦- ١٩٨٨، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

حەمەد، دلێر ئەحمەد، (٢٠١٩) مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٥- ١٩٩١)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

رەشید، سەڵاح، (٢٠٢٠) شەڕی ناوخۆی کورد، بۆچییی سەری هەڵدا، چۆن گەشەیکرد، سەرئەنجام، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، سلێمانی.

شالیان، ژێرار، (٢٠١٠) تراژیدیای کورد (راپۆرتێک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان)، وەرگێرانی: وریا رەحمانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

شۆڕش، سامی، (٢٠٠٢) عێراق و دەوروبەری کورد لەو چەقەدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

شەریف، شیلان حاجی، (٢٠٢١) ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩٢، چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ.

شەمدین، علی، (٢٠١٨) بزاڤی کورد لە سووریا و دیاردەی ئینشقاق (١٩١٦- ٢٠١٦)، وەرگێرانی: شاناز رەمزی هیرانی، ئاوات عەلی، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی.

صاغیە، حازم، (٢٠١٣) بەعسی عێراق دەسەڵاتی سەدام لە دروستبوونیەوە تاڕووخانی، وەرگێرانی: بورهان عطار، چاپخانەی روون.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان، (٢٠٠٢) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥- ١٩٧٦) دامەزراندن و دەست پیکردنەوەی شۆڕش، چاپخانەی تەما، سلێمانی.

عیسا، حامید مەحمود، (٢٠١٤)، کێشەی کورد لە عێراق، وەرگێرانی: سوارە قەڵادزەیی، بەرکی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

عیسا، ئەلبێرت، (٢٠٠٤) خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی لەسەر بەعسی عێراقی، چاپخانەی روون، سلێمانی.

عەبدولکەریم، سەلام، (٢٠١١) ژیانی سیاسیی لە باشووری کوردستان، چاپخانەی چوارچرا.

عەبدوڵڵا، شەمال، (٢٠٠٥) یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئاسویەک بۆ گۆران و نوێبوونەوە، سلێمانی.

عەلی، عادل سدیق، (٢٠١٨) کۆمەڵکوژیی کورد لە جەنگی ئێران- عێراقدا هەڵەبجە (١٦/ ٣/ ١٩٨٨) بەنموونە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.

عەونی، دوورییە، (٢٠١١) عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: سوارە قەڵادزیی، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ.

فلیپس، دەیڤید، (٢٠١٦) بەهاری کوردی نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەرگێرانی لە ئینگلیزی: سیروان حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کلەین، جانیت و ئەوانی تر، (٢٠٢٠) کوردەکان- مێژوو، ئایین، زمان، سیاسەت، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: عەتا

قەرەداخـی، چاپخانـەی تـاران، تـاران.
کـوردی، هەسـتیار کەمـال، (٢٠٢١) پەیوەندییەکانـی یەکێتـی سـۆڤێت- عێـراق و کاریگەریـی لەسـەر باشـووری کوردسـتان ١٩٧٢- ١٩٩١، چاپخانـەی حەمـدی، سـلێمانی.
کۆگلن، کۆلن، (٢٠٠٩) صدام و ژیانی نهێنی، وەرگێرانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
کەریم، عارف، (٢٠١١) کۆمەڵە و یەکێتی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
کەریـم، هێـرش عەبدوڵـڵا حەمـە، (٢٠١٣) پەیوەندییـە سیاسـییەکانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و دەوڵەتانـی دراوسـێ ئێـران و تورکیـا و سـووریا ١٩٩١- ٢٠٠٣، چاپخانـەی تـاران، ئێـران.
مـار، فیبـی، (٢٠١٠) مێـژووی نوێـی عێـراق، وەرگێرانـی: حەمـە شـەریف حەمـە غەریـب، شـێرکۆ ئەحمـەد حەوێـز، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هەولێـر.
مارکـوس، ئەلیـزا، (٢٠١٤) مێـژووی پەکەکـە جەنگـی پەکەکـە و کـورد لـە پێنـاو سـەربەخۆیی دا، وەرگێرانی لـە ئینگلیزییەوە: ماجیـد خەلیـل، چاپخانـەی گەنج، سـلێمانی.
ماکـداوڵ، دەیڤـد، (٢٠١٩) مێـژووی هاوچەرخـی کـورد، وەرگێرانـی: ئەبوبەکـر خۆشـناو، چاپـی سـێیەم، لـە بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی ئاوێـر، هەولێـر.
تەقـوش، محەمـەد سـوهەیل، (٢٠٢١) مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـی عێـراق، وەرگێرانی: سەربەسـت جیهاد، لـە بڵاوکراوەکانی ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێر.
نێروەیـی، عەلـی تەتـەر، (٢٠١٩) بزاڤـی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵەکانی جەنگـی عێـراق- ئێـران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨)، چاپـی دووەم، چاپخانـەی رانمـی، ئێـران.
وانلـی، عیسـمەت شـەریف، (٢٠٠٩) پلانـا جینوسـایدکرنا کەمایەتیـا کـوردان ل سـوریێ دۆزی کـورد ل سـوریێ، وەرگێرانـی: موسـەدەق تۆڤـی، چاپخانـا زانکۆیـا دهـۆک، دهـۆک.
ئەرگوشـی، محمـود، (٢٠١٢) نکۆڵیکـردن لـە بوونـی کـورد سـەرکوتکردنی مافـە سیاسـیی و کلتوریەکانـی کـورد لـە سـووریا ، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هەولێـر.
ئەندەرسـن و ستانسـفێلد، لییـام و کاریـث، (٢٠٠٨) ئاینـدەی عێـراق، دکتاتـۆری، دیموکراسـی یـان دابەشـبوون، وەرگێرانـی: کامیـار سـابیر و دلشـاد حەمـە، چاپخانـەی ڕەنـج.
ب: بە زمانی عەرەبی:
بدرالدين، صلاح، (٢٠١٠) الصراع فی سووریا النظام- الكرد، المعارضة، رابطة كاوا للثقافة الكردية، اربيل.
حبيب كاظم، (٢٠٠٥) لمحات من النضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، دار ئاراس اربيل.
الخرسـان، صـلاح، (٢٠٠١) التيـارات السياسـية في كردسـتان العـراق قـراءة في ملفـات الحـركات والاحـزاب الكرديـة في العـراق ١٩٤٦- ٢٠٠١، مطبعـة خـاني، لبنـان.
رسـول، فاتـح، (٢٠٠٥) صفحـات مـن تاريـخ كفـاح الشـعب الكـردى (احـداث ووثائـق ١٩٧٩)، ترجمـة: كـمال غمبـار، مطبعـة كارو، السليمانية.
سـنجاري، عـلي، (٢٠٠٦) القضيـة الكورديـة و حـزب البعـث العـربي الاشـتراكي في العـراق، الجـزء الاول، مطبعـة خانـی، دهـوک.

سنجاري، علي، (٢٠٠٧) اوراق من ارشيف كوردستان، مطبعة خاني، الجزء الاول، دهوک.

سـنجاري، عـلي، (٢٠٠٩) القضيـة الكورديـة و حـزب البعـث العـربي الاشـتراكي في العـراق، الجـزء الثـاني، مطبعـة خانـى، دهـوک.

عقـراوى، شـكيب، (٢٠٠٠) سـنوات المحنـة في كوردسـتان، اهـم الحـوادث السياسـية والعسـكرية في كوردسـتان والعـراق مـن ١٩٥٨ الـى ١٩٨٠، مطبعـة منـاره، اربيـل.

عـكاب يوسـف الـركابي، العامـل الـدولي واثـره في القضيـة الكرديـة في العـراق ١٩٥٨- ١٩٩١، مجلـة كليـة التربيـة، جامعـة واسـط، العـدد السـابع والعـشرون.

غريش، ڤيدال، الان، (٢٠١٠) دومينيک، الايواب المائية للشرق الاوسط، ت: ميشال كرم، دار الفارابى، بيروت.

مـراد، عـادل، (٢٠٠٦) الاتحـاد الوطنـي الكردسـتانى الانطلاقـه مـن طليطلـة الـى بغـداد خواطـر بعـد ثلاثيـن عامـا، مطبعـة زانـا، دهـۆک.

## ج: بە زمانی ئینگلیزی:

Daneels, Isabelle. (١٩٩٤) Syrian Foreign policy between rational actor and regime legitimacy A, ١٩٧٠- ١٩٩٤, Centre for middle eastern and Islamic studies.

Burdett, A, L, P, Records Kurds Territory, Revolt and Nationalism ١٨٣١- ١٩٧٩, Volune ١٢, Cambrige Archive Editions

حەفتەم: ئینسکلۆپیدیا

ئەسەســەرد، فەریــد، (٢٠١٦) ئینســکلۆپیدیای یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، بەرگــی دووەم، چاپــی ســێیەم، چاپخانــەی حمــدی، ســلێمانی.

هەشتەم: وتارە زانستییەکان

أ: بە زمانی کوردی:

محموود، ابراهیم علی، ڕژێمی ئەسەد دۆستی کام لایە ؟ دوژمنی کام لایە ؟ گۆڤاری بەیان، ژمارە (٨٧)، حوزێرانی ١٩٨٣.

دیمانەیـەک لەگـەڵ فوئـاد مەعسـوم، مـام جـەلال کەسـایەتییەکی مێژووییـە و مێـژوو دروسـتی کـردووە، گۆڤـاری کەلتـور، ژمـارە (١٠) تەممـوزی ٢٠١٣.

حەمەدئەمیــن، ئەحمــەد، سیاســەتی ســووریا بەرانبــەر بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی گەلــی کــورد لــە باشــوور کوردســتاندا (١٩٧٦- ١٩٨٨)، گۆڤــاری دیــوان، ژمــارە (١٧)، تشرینــی یەکەمــی ٢٠٢٢.

ب: بە زمانی عەرەبی:

خلـود محمـد خميـس، العلاقـات العراقيـة- السـورية في ضـوء اسـتراتيجية التدخـل الـدولي، مجلـة دراسـات دوليـة، العـدد الثامـن والستون.

نۆیەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت

## ڕۆژنامەکان:

أ: بە زمانی کوردی:

ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ١٦٥٣، ٢٤ی ئایاری ١٩٩٣

ڕۆژنامەی پەیمان، ژمارە ٣٧٢، ٢٩ی ئایاری ٢٠٠٢

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٣، ١ی حوزێرانی ١٩٩٣

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی، چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژمارە ١٢٩٨، ٢/ ٦/ ١٩٩٦

ب: بە زمانی عەرەبی:

الجريدة الشرارة، العدد (٣)، اذار ١٩٨٧.

الجريدة الشرارة، العدد ١، تشرين الثاني ١٩٧٥

الجريدة الوقائع العراقية، العدد (٢٦٩٦)، ٥/ ١٢/ ١٩٧٨).

الجريدة الوقائع العراقية، العدد (٢٧٠١)، ٨ كانون الثاني ١٩٧٩.

صوت الاكراد، العدد (٥٧)، كانون الاول ١٩٧٨

گۆڤار: بە زمانی کوردی:

گۆڤاری مەتین، ژمارە ٤٠، گوڵانا ١٩٩٥

پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.agda.ae/en/catalogue/tna/fco/٨/٢٧٨٤/n/١٠٧

(https://www.aljazeera.net/amp/news/reportsandinterviews/٢٢/٨/٢٠٠٧/إطلالة-عامة-على-العلاقات-السورية)، )

## ملخص

كان للقضية الكوردية في الفترات التاريخية المعاصرة تأثير على العلاقات الإقليمية بشكل عام، والعلاقات العراقية السورية على وجه الخصوص، ولاسيما بعد توقيع اتفاقية الجزائر، التي كانت سببا في إجهاض إحدى أهم الثورات الكوردية والمتمثلة بثورة «أيلول». كما أن هذه الاتفاقية قد زادت من حدة تأزم العلاقات العراقية السورية. إن كتابة بحث حول القضية الكوردية وتأثيرها على العلاقات العراقية السورية إبّان اتفاقية الجزائر، له أهمية خاصة؛ لأنه وفي المقابل، كانت لهذه العلاقات المتأزمة بين البلدين تأثير بالغ على الكورد وقضيتهم.

لقد تم، من خلال هذا البحث، تسليط الضوء على هذه المسألة، وذلك بالاعتماد على المنهج التحليلي وإعادة دراسة الأحداث والمواقف السياسية. إن فترة مابعد (١٩٧٥) تعتبر عهدا جديدا للكورد، حيث تم تأسيس عدد من الأحزاب السياسية الجديدة في خضم النضال السياسي والعسكري الكوردي؛ إلا أن هذه الأحزاب والتكتلات السياسية لم تحقق تأثيرا كبيرا على القضية الكوردية. كما أن المنحى السياسي الكوردي في المنطقة، ولاسيما في مواجهة كل من العراق وسوريا، قد أصابه التغيير. زد على ذلك أن القضية الكوردية نفسها قد تأزمت وانتابها مرحلة من الضعف؛ ولاسيما مع كثرة الانقسامات والتشتت داخل البيت الكوردي، الأمر الذي أضر أيما ضرر بالقضية. ولا بد أن نذكر هنا أن الكورد كانوا أبعد من أن يستغلوا الصراع المحتدم بين العراق وسوريا لصالحهم. وفي وقت كان النشاط السياسي في غربي كوردستان ممنوعا تماما، كانت الحكومة السورية -وبسبب تدهور علاقتها مع العراق – تقدم الدعم والتعاون العسكري للأطراف السياسية في جنوب كوردستان، هذا الدعم الذي كان له دوره الكبير في إحياء الثورة من جديد في جنوبي كوردستان. ويتبين لنا هنا بوضوح ازدواجية السياسة السورية تجاه القضية الكوردية. كما يظهر كيف أن الدول الإقليمية تعاملت مع الكورد كورقة ضغط ضد بعضها البعض بغرض الحفاظ على مصالحها وتكريس نفوذها

في المنطقـة. بقـي الوضـع عـلى هـذا المنـوال حتـى عـام (١٩٨٠) حيـث انهـارت عمليـا اتفاقيـة الجزائـر، وأعقـب ذلـك تغيـرات في العلاقـات الإقليميـة، بحيـث ازداد حـدة الـصراع السـياسي بـين العـراق وكل مـن سـوريا وإيـران، ونتيجـة لذلـك انتقلـت القضيـة الكورديـة إلى مرحلـة أخـرى.

الكلمات المفتاحية: عراق، سورية، كوردستان، جنوب، غرب، حزب البعث، العلاقات، تاثير.

## Abstract

Throughout the stages of contemporary Kurdish history, the Kurdish issue has had an impact on regional relations in general and the relationship between Iraq and Syria in particular. This impact became more evident during the Algiers Agreement, which marked the end of one of the most prominent Kurdish revolutions—the Aylool revolution. Simultaneously, it worsened Iraq-Syria relations. Researching the Kurdish question and its effect on the Iraq-Syria relationship during the Algiers Agreement reveals its distinctive characteristics. During this period, the strained relations between the two states were reflected in the Kurdish issue. Through the method of analysis and ascertaining of political events and incidents, we can highlight the significance of this matter. While the post١٩٧٥- era marked the emergence of new political parties in the Kurdish political and military landscape, the proliferation of these parties did not substantially influence the Kurdish issue. Additionally, the Kurdish political orientation in the region shifted, particularly in relation to Iraq and Syria. The Kurdish issue experienced a difficult phase, characterized by internal divisions and disarray within the Kurdish community. Meanwhile, the Kurds were unable to capitalize on the strained Iraq-Syria relationship. Despite a complete ban on political activities, Syria extended comprehensive support and cooperation to all South Kurdistan forces and political parties due to its deep-rooted disputes with Iraq. This financial and military assistance played a significant role in revitalizing the new revolution. Syria's contrasting policy towards the Kurdish cause is evident. It is clear that regional countries utilized the Kurds as a means of pressure against each other, particularly for maintaining a balance in the region. This dynamic persisted until the ١٩٨٠s, but with the changes that both Iraq and Iran underwent, including the collapse of the Algiers Agreement and shifts in regional relationships, Iraq's disputes with Syria and Iran intensified. As a result, the Kurdish issue entered a new phase.

**Keywords: Iraq, Syria, Kurdistan, South, West, relationship, impact**